# رۆڵی تەکنەلۆژیای نوێی میدیایی لە بەرهەمهێنانی کارتێکەرە دەنگییەکانی کەناڵە ئاسمانییە کوردییەکاندا/بەرنامەی تامەکانی کوردستان لە کەناڵی کوردسات بەنموونە

[1]دیار عبدالستار توفیق قادر، [2]پ.د.ڕێبەر گۆران مستەفا

[1]بەشی تەکنیکی میدیا/ کۆلێجی تەکنیکی کارگێری/ زانکۆی پۆلیتەکنیکی سلێمانی/ diarstar938@gmail.com
[2]کۆلێجی تەکنیکی کارگێری/ زانکۆی پۆلیتەکنیکی سلێمانی

**نووسەری پەیوەندیکار:** [1]دیار عبدالستار توفیق قادر*

---

**پوختە**

ئامانج لەم توێژینەوەیە خستەڕووی دیارترین ئەو تەکنەلۆژیا نوێیە میدیاییانەیە کە ڕۆڵ دەگێڕن لەبەرهەمهێنانی کارتێکەرە دەنگییەکانی کەناڵە ئاسمانییە کوردییەکان بەگشتی و بەرنامەی تامەکانی کوردستان لە کەناڵی کوردسات بە تایبەتی، ئەم توێژینەوەیە لەجۆری توێژینەوە وەسفییەکانە و تیایدا میتۆدی ڕووپێوی بەکارهاتووە بە ڕێکاری شیکاری ناوەڕۆک و شێوازی چەندێتی بۆ سامپڵێك لەبەرنامەی تامەکانی کوردستانی کەناڵی کوردسات کە ژمارەیان (٤) بەرنامەیە و بەشێوەی مانگی دەستکرد وەرگیراوە، بەمەبەستی گەشتن بە وەڵامی پرسیارەکانی توێژینەوەکە شیکاری ناوەڕۆک بۆ یەکە و دەستەکان ئەنجام دراوە.

ئەم توێژینەوەیە گەشتوەتە کۆمەڵێك دەرئەنجام، گرنگترینیان: (تەکنەلۆژیای نوێی میدیایی کاریگەری زۆری لەسەر بەرزکردنەوەی کوالێتی کارێتکەرە دەنگییەکان هەیە، هەروەها زۆرترین ئەو کارتێکەرە دەنگییانەی کە لەبەرنامەکاندا بوونیان هەیە لەجۆری کارتێکەری دەنگی سروشتین و ئاستی بەرهەمهێنانی کارتێکەرە دەنگییەکان لەکەناڵە ئاسمانییە کوردییەکان بەگشتی و کەناڵی ئاسمانی کوردسات بە تایبەتی لەئاستێکی بەرزدایە، هاوکات ڕادەی گونجاندنی کارتێکەرە دەنگییەکان لە بەرهەمهێنانی کەناڵە ئاسمانییە کوردییەکاندا زۆر گونجاوە، پاشان تۆمارکردنی کارتێکەرە دەنگییەکان لەبەرهەمهێنانی کەناڵە ئاسمانییە کوردییەکاندا زۆربەیان لەدەرەوەی ستۆدیۆ تۆماردەکرێن، کە ئەمەش زیندویی داوە بە بەرنامەکان)، هەروەها توێژەرانی دوای خۆم ڕادەسپێرم توێژینەوەی زیاتر لەسەر ڕۆڵی کارتێکەری دەنگی بکەن لەبەرنامەو فلیم و ریکلام دا.

**وشە کلیلییەکان:** ڕۆڵ، تەکنەلۆژیای نوێی میدیایی، بەرهەمهێنان، کارتێکەرە دەنگییەکان، کەناڵە ئاسمانییە کوردییەکان .

---

## ١.پێشەکی

لەسایەی گۆڕانکارییە خێراکانی سەردەمی دیجیتاڵیدا، پەیوەندی نێوان "تەکنەلۆژیای نوێی میدیایی" و "کارتێکەری دەنگی" لەقۆناغی ئامرازەوە پەڕیوەتەوە بۆ قۆناغی "داڕشتنەوەی ڕاستییەکان"، لەم چوارچێوەیەدا دەنگ وەك ڕەگەزێکی بونیادی لەپەیامی میدیاییدا، تەنها گواستنەوەی لەرەلەرە فیزیکییەکان نییە، بەڵکو پرۆسەیەکی ئاڵۆزی ئەندازیارییە کە تێیدا کارتێکەرە دەنگییەکان (Sound Effects) وەك زمانێکی سەربەخۆ گەشەیان کردووە، تەکنەلۆژیای میدیا بە تێپەڕبوونی کات توانیویەتی سنوورە کلاسیکییەکانی دەنگ ببەزێنێت و ژینگەیەکی "سیمیۆتیکی" (نیشانەناسی) دروست بکات، کە تێیدا هەر دەنگێك ئاماژەیەکی قووڵ و واتایەکی شاراوە بە وەرگر دەگەیەنێت.

گرنگیی ئەم توێژینەوەیە لەوەدایە کە "تەکنەلۆژیا" چیتر تەنها کارئاسانی بۆ تۆمارکردنی دەنگ و کارتێکەرە دەنگییەکان ناکات، بەڵکو بووەتە بکەرێکی سەرەکی لەداهێنانی ئیستاتیکی (Aesthetic Creativity) ئەم تەکنەلۆژیایە دەرفەتی ئەوەی ڕەخساندووە کە "واقیعی دەنگی" (Sonic Realism) بەجۆرێك دابڕێژرێتەوە کە کاریگەریی ڕاستەوخۆ لەسەر ئاستی تێگەیشتن و کاردانەوەی سۆزداریی بەردەوامیی لای وەرگر هەبێت، بەشێوەیەك کە جیاکردنەوەی دەنگی سروشتی و دەنگی بەرهەمێنراوی تەکنەلۆژی ئەستەم بێت.

ئەم توێژینەوەیە لەسێ بەش پێکهاتووە: بەشی یەکەم؛ میتۆدنامەی توێژینەوەکەیە (کێشەی توێژینەوەکە، گرنگی توێژینەوەکە،ئامانجی توێژینەوەکە، جۆرومیتۆدی توێژینەوەکە، ئامرازی توێژینەوەکە، کۆمەڵ و سامپڵی توێژینەوەکە، سنووری توێژینەوەکە، ڕاستی و جێگیری توێژینەوەکە، دیاریکردنی چەمکەکانەکانی توێژینەوەکە، توێژینەوەکانی پێشوو خراوەتەڕوو)، بەشی دووەم؛ تیۆرینامەی توێژینەوەکەیە لە باسی یەکەمدا: تەکنەلۆژیای میدیایی، لە باسی دووەمدا: کارتێکەری دەنگی باسکراوە، بەشی سێیەم شیکارینامەی توێژینەوەکەیە کە ئەنجامی یەکە و دەستەکانی شیکاری ڕوونکراوەتەوە، پاشان دەرئەنجامەکان و ڕاسپاردەکان و پێشنیارەکان و لیستی سەرچاوەکان خراونەتەڕوو.

### ١,١ میتۆدنامەی توێژینەوە

#### ١,١,١کێشەی توێژینەوە

کێشەی ئەم توێژینەوەیە خۆی لەپرسیارێکی سەرەکیدا دەبینێتەوە کە (ئایا تەکنەلۆژیای نوێی میدیا دەتوانێت ڕۆڵ بگێڕێت لەبەرهەمهێنانی کارتێکەرە دەنگییەکان لەکەناڵە ئاسمانییە کوردییەکان بەگشتی و بەرنامەی تامەکانی کوردستان لە کەناڵی کوردسات بە تایبەتی؟)، توێژەر ئەم پرسیارە سەرەکییە دەکەنە چەند پرسیارێکی لاوەکی کە خۆی لەم پرسیارانەدا دەبینێتەوە:

- **Publisher:** University of Sulaimani, **ISSN (Print):** 1813-0852, **ISSN (Online):** 2617-3034
- **Journal Websitehttps**://sjh.univsul.edu.iq/, **Volume:** [1], **Issue:** [3], **Year:** [2026], **DOI:** [10.17656/jzsb.12573]
- **Submission Date:** [17/6/2026], **Revised Date:** [17/6/2026], **Accepted Date:** [28/6/2026], **Published Date:** [30/9/2026]

١. دیارترین ئەو کەرەستە و ئامێر و تەکنیکانەی تەکنەلۆژیای نوێی میدیایی چین کە لە بواری بەرهەمهێنەرە دەنگییەکاندا بەکاردێت؟

٢. دیارترین ئەو پرۆگرام و ئەپلیکەیشن و پلاتفۆرمانە چین کە کەناڵە ئاسمانییەکان لە بەرهەمهێنانی کارتێکەرە دەنگییەکاندا بەکاری دەهێنن؟

٣. دیارترین جۆری ئەو کارتێکەرە دەنگییانە چین کە لە بەرهەمهێنانی کەناڵە ئاسمانییەکاندا ڕەنگی داوەتەوە؟

٤. پێگەی کارتێکەرە دەنگییەکان لە بەرنامەی (تامەکانی کوردستان) ی کەناڵی ئاسمانی کوردسات چەندە؟

**١,١,٢ گرنگی توێژینەوە**

لە ڕووی زانستییەوە:

١. یەکێکە لە توێژینەوە نوێیەکان کە بەزمانی کوردی لەسەر بابەتی تەکنەلۆژیای نوێی میدیایی و بەرهەمهێنانی کارتێکەرە دەنگییەکان لەکەناڵە ئاسمانییە کوردییەکان جێبەجێ دەکات کە ئەمەش دەبێتە هۆی ئەوەی کە کتێبخانە و زانکۆکان و ناوەندە ئەکادیمییەکانی پێ دەوڵەمەند ببێت.

٢. ئەم توێژینەوەیە دەبێتە دەستپێك بۆ ئەو توێژینەوانانەی کە لەم بوارەدا دەنوسرێن، بەڵام لەگۆشە نیگای دیکەوە ئامادە بکرێن، هەروەها دەروازەی کارکردنی زانستی لەبواری ڕۆڵی کارتێکەرە دەنگییەکان لەکەناڵە ئاسمانییە کوردییەکاندا بکاتەوە، لەگەڵ ئەوەشدا ئەم توێژینەوەیە ڕێوشوێنێکە بۆ چارەسەری گرفتەکانی ئەو بوارە.

لە ڕووی پراکتیکییەوە:

١. ئەم توێژینەوەیە پرۆگرامە تەکنیکیە بەکارهاتووەکانی دەنگ دەخاتەڕوو، کە کار ئاسانی بۆ کەناڵە ئاسمانییەکان دەکات کە بەشێوەیەکی باش دەنگ و کارتێکەرە دەنگییەکان لەکەناڵەکان پێشکەش بکەن.

٢. توێژینەوەکە گرنگی کارتێکەرە دەنگییەکان لە کەناڵە ئاسمانییەکان دەخاتەڕوو، بەشێوەیەك کە سەرنجی زیاتری بینەر بۆ بابەتەکە رابکێشێت و زانیاری بەردەوامیی بینەر بدات لەگەڵ بەرنامەکەدا.

**١,١,٣ ئامانجەکانی توێژینەوە**

١. خستنەڕووی دیارترین ئەو کەرەستە و ئامێر و تەکنیکانەی تەکنەلۆژیای نوێی میدیایی کە لە بواری بەرهەمهێنەرە دەنگییەکاندا بەکاردێت.

٢. ئاماژەدان بە دیارترین ئەو پرۆگرام و ئەپلیکەیشن و پلاتفۆرمانەی کە کەناڵە ئاسمانییەکان لەبەرهەمهێنانی کارتێکەرە دەنگییەکاندا بەکاریدەهێنن.

٣. زانینی دیارترین جۆری ئەو کارتێکەرە دەنگییانەی کە لە بەرهەمێهنانی کەناڵە ئاسمانییەکاندا ڕەنگی داوەتەوە.

٤. شرۆڤەکردنی پێگەی کارتێکەرە دەنگییەکان لە بەرنامەی (تامەکانی کوردستان) ی کەناڵی ئاسمانی کوردسات.

**١,١,٤ توێژینەوەکانی پێشوو**

**١.** توێژینەوەی توێژەران (مهناز فریدونی، محمد علی صفورا، علی شیخ مهدی)ساڵی (٢٠٢٤)، بەناونیشانی (جلوەهای دراماتیک صدا در دو فیلم مستند صنعتی کامران شیردل بر اساس نظریه دریافت)، شێوازی توێژینەوەکە وەسفی-شیکارییە و لە ڕێگەی کۆکردنەوەی زانیاری کتێبخانە و بەڵگەنامەییەوە، شیکاری بۆ پرسیارەکانی توێژینەوەکە کراوە، توێژەران لەتوێژینەوەکەیاندا ئامانجیان ئەوەیە کە سینەماکار لە ڕێگەی تێکەڵکردنی کارتێکەرە دەنگییەکان و دەنگ و وێنەوە توانیویەتی کۆدی تایبەت بە فلیمەکە بدۆزێتەوە، یاخود هەرسێکیان کە مەبەست لەکارتێکەری دەنگی و دەنگ و وێنەیە، توانیویانە کاریگەرییەکی دراماتیك لەسەر بینەر دروست بکات، بێگومان توێژەران لێکۆڵینەوە لە ئامانجەکانی بەرهەمهێنەر یان دەرهێنەری کارەکە و هەوڵەکانی سینەماکار بۆ گەیشتن بەو ئامانجانە دەکات کە بێگومان لە ژێر ڕۆشنایی هەلومەرجی کۆمەڵایەتی ئەو سەردەمە و ئەو ساڵانەدا بووە، هەروەها پرسیاری سەرەکی ئەوەیە کە هونەرمەند لە پرۆسەی بەرهەمهێنان و تۆمارکردندا بەدوای چ ئامانجێکدا دەگەڕێت و چۆن ئەو ئامانجانە بەدەستدەهێنێت؟ لەکۆتاییدا توێژەران بەو دەرئەنجامە گەیشتوون کە بە پشتبەستن بە بەهای زیادکراوی دەنگ لە قسەکردن، دەق، میوزیك و کارتێکەرە دەنگییەکان، سوود لە بەهای زیادکراوی میوزیك لەفیلمدا وەردەگرێت دەرفەتی جۆراوجۆر دەدۆزێتەوە بۆئەوەی بینەر لەسەر بەردەوایی فلیمەکە بمێنێتەوە.

**٢.** توێژینەوەی (ڕوان محمد حسام الدين محمد كامل) ساڵی (٢٠٢٢) بەناونیشانی (تأثير المؤثرات الصوتية في برامج الراديو علي إدراك وتذكر المحتوي المقدم - دراسة شبة تجريبية)، ماستەرنامەیەکە لە ڕووی جۆرەوە، بەتوێژینەوەی (وەسفی) هەژماردەکرێت، کە توێژەر بۆ گەیشتن بە وەڵامی پرسیارەکان و بەدیهێنانی ئامانجەکانی وەك (درککردنە بە ئاستی کاریگەریی کارتێکەرە دەنگییەکان لەڕێگەی درککردن و بیرهێنانەوە، هەروەها هەستکردن بەو هۆکارانەی وا لەبیسەران دەکات ڕوو لە گوێگرتن لەو بەرنامە رادیۆییانە بکەن کە کارتێکەرە دەنگییەکانی تێدا بەکاردێت، هەروەك یەکێك لەئامانجەکانی دیکەی لێکۆڵینەوەو گەیشتنە بەو ڕەهەندە نەرێنی و ئەرێنیانەی کە کارتێکەرە دەنگیەکان لەسەر وەرگران بەجێی دەهێڵن، لەکۆتاییدا توێژەر بەچەند ئەنجامێکی سەرەکی گەشتووە لەوانە: بەشێوەیەکی گشتی لەسەردەمێکدا کە تەکنەلۆژیای پەیوەندییەکان گەشەی کردوەو کارتێکەرە دەنگییەکان لەڕێگەی تەکنەلۆژیای نوێ بە ئەندازەیەك پێشکەوتووە، کە ڕادەی زاڵی کارتێکەرە دەنگیەکانی ناو میدیای نوێ وایکردووە چیتر بە میتۆدە کلاسیکیەکان کارتێکەرە دەنگیەکانی رادیۆ کاریگەر نەمێنێت، هەروەها یەکێك لەدەرەنجامەکانی تر خۆی لەوەدا بەرجەستە دەکات کە بەکاربەران و وەرگران لەسەردەمێکی نوێدا تەنها کارتێکەرە دەنگیەکان بە گرنگ نازانن و بەڵکو لەگەڵیدا وێنەی جوڵاو بە سەرچاوەی سەرەکی دەبینن، کە ئەم تایبەتمەندییەش لە ڕادیۆدا بەرجەستە نابێت و تەنها لە تەلەفزیۆن و پلاتفۆرمەکانی سۆشیال میدیا ڕەنگدەداتەوە.

٣. توێژینەوەی توێژەران (دەیڤید مۆفات، ڕۆد سێلفریج و جوشوا دی ڕێسس Joshua ،Rod Selfridge ،David Moffat D. Reiss)، ساڵی (٢٠١٩) بەناونیشانی (Sound Effect Synthesis)، توێژەران ئاماژە بۆ ئەوەدەدەن، کاریگەرییە دەنگییەکان ئاماژەی گرنگ بۆ گوێگران و بینەران لەسەر ناوەڕۆکی بەرهەمەکە زیاد دەکەن، کە ئامانجە سەرەکییەکانی توێژینەوەکە بریتین لەپێشکەشکردنی تێڕوانینێکی گشتی و

شیکارییەکی گشتگیر بۆ دروستکردنی کارتێکەرە دەنگییەکان لەسەر بەرهەمە میدیاییەکان، هەروەها وەسفکردنی تەکنیکەکانی هەڵسەنگاندنە کە بۆچی پێویستن بۆ پەرەپێدانی توێژینەوەکانی داهاتوو، هەروەها دەتوانرێت بەکۆکردنەوەی کارتێکەرە دەنگییەکان وەك مۆدێلێکی نوێ کاریگەری دەنگی یەکبخرێن، لەگەڵ ئەوەشدا لەگرنگی توێژینەوەکەدا هاتووە، کارتێکەرە دەنگییەکان ئاماژەی گرنگ بۆ گوێگران و بینەران زیاد دەکەن و بە پەرەپێدانی کاریگەرییە دەنگییە، بەرهەمە میدیاییەکان واقیعی و سەرنجراکێش و کاریگەرتر دەبن، توێژەران لەم توێژینەوەیەدا شیکاری ناوەرۆکیان وەك ئامرازی توێژینەوەکەیان بەکارهێناوە هەوڵیانداوە شیکاری بۆ شێوازەکانی کۆکردنەوەی کارتێکەرە دەنگییەکان بکەن، هەروەها هەڵسەنگاندن بەگرنگ دادەنرێت بۆ تێگەیشتن لەچۆنیەتی کارکردنی شێوازی کۆکردنەوەی کارتێکەرە دەنگییەکان، توێژەران لەکۆتایی توێژینەوەکەدا گەیشتوون بەو دەرئەنجامەی کە بە بەهێزکردنی کارتێکەری دەنگی، بەتایبەتی لەچوارچێوەی میدیایدا پێشبینی ناکرێت کە هەموو کارتێکەرە دەنگییەکان لەناو بەرنامەیەکدا بەرهەمبهێنرێت، بەڵکو دەبێت کارتێکەرە دەنگییەکان لەناو بەرهەمە میدیاییەکاندا یەکبخرێن و ژاوە ژاو دروست نەکەن، هەروەها بۆ بەرهەمی میدیایی کۆنترۆڵکردنی کارتێکەرە دەنگی دروستکراو لەپێش هەموو شتێکەوەیە پێویستە بخرێتە خزمەت بەرهەمەکە، لەگەڵ ئەوەشدا ڕوونە کە کارتێکەرە دەنگییەکان ئاماژەی گرنگ بۆ گوێگران و بینەران لەمیدیادا زیاد دەکەن.

**١,١,٥ سوودی توێژینەوەکانی پێشوو**

توێژەران لە ڕێگەی خوێندنەوەو شەن و کەوی توێژینەوەکانی پێشوو لەچەند ڕوویەکەوە سوودی وەرگرت کە گرنگترینیان بریتین لە..

١-سوودی هەبوو بۆ دانانی پەیکەری میتۆدنامەی توژینەوەکە، لەدیاریکردنی کێشە و ئامانج و گرنگی توێژینەوەکە.

٢-وەرگرتنی زانیاری نوێ لەسەر بابەتی توێژینەوەکەو وەرگرتنی بیرۆکەی نوێ بۆ کارکردن لەسەر توێژینەوەکە.

٣-ڕۆڵی هەبوو بۆ دیاریکردنی کۆمەڵگەو سامپڵی توێژینەوەکە، هانی توێژەری دا کە شکاری بۆ چ جۆرە کەناڵێك و بەرنامەیەك بکات.

٤-توێژینەوەکانی پێشوو هاوکار بوون بۆ گەیشتن بە ئامانجەکان، بەتایبەت لەرووی بەراورد کردنی ئەنجامەکانی توێژینەکانی پێشوو لەگەڵ توێژینەوەکەی ئێستا.

٥-سوودی زۆری هەبوو بۆ دەستکەوتنی زانیاری و سەرچاوەو دەرگایەکی نوێی کردەوە بۆ ڕۆچوونی توێژەر بۆ ناو بابەتەکە.

**١,١,٦ جۆر و میتۆد و شێوازی توێژینەوە**

ئەم توێژینەوەیە دەچێتە چوارچێوەی توێژینەوەی وەسفییەوە ( Descriptive Studies) کە شیکردنەوە و ناساندن بۆ واقع دەکات و دیاردە و هەڵوێستەکان ڕووندەکاتەوە، بەبێ ئەوەی دەستکاری یان گۆڕانکاری تێدا بکرێت، هەر بۆیە ئەم توێژینەوەیە میتۆدی ڕووپێوی بە ڕێکاری شیکاری ناوەرۆك ( Survey Methodology ) جێبەجێکراوە، بەمەبەستی گەیشتن بە داتاو زانیارییە دروستەکان لەبارەی ڕۆڵی تەکنەلۆژیای نوێی میدیایی لە بەرهەمهێنانی کارتێکەرە دەنگییەکانی کەناڵە ئاسمانییە کوردییەکاندا بە شێوازی چەندێتی.

**١,١,٧ کۆمەڵگە و سامپڵی توێژینەوە**

کارتێکەری دەنگی لە کەناڵە ئاسمانییە کوردییەکاندا کەناڵی کوردسات وەك نموونە کۆمەڵگای توێژینەوەکە دەگرێتەوە و کارتێکەری دەنگی لەبەرنامەی (تامەکانی کوردستان)ی کەناڵی ئاسمانی کوردسات وەک سامپڵی توێژینەوەکە وەرگیراوە بەشێوەی مانگی دەستکرد کەشیکاری بۆ چوار ئەڵقەی بەرنامەی (تامەکانی کوردستان) لەکەناڵی ئاسمانی کوردسات کردوە، توێژەران لەکۆی بەرنامەکانی چوار مانگ یەك مانگی دەستکردیان لێ دروستکردوە، بەشێوەیەك لەبەرنامەکانی مانگی یەکەم بەرنامەی هەفتەی یەکەم و لەبەرنامەکانی مانگی دووەم بەرنامەی هەفتەی دوووەم و لەبەرنامەکانی مانگی سێهەم بەرنامەی هەفتەی سێهەم و لەبەرنامەکانی مانگی چوارەم بەرنامەی هەفتەی چوارەم وەگیراوە، بەمەش توێژەران مانگێکی دەستکردیان وەك سامپڵ وەرگرتووە، هەروەها لەسەر ئەو بنەمایەی کە بەرنامەکە ڕاستەوخۆ تۆمار دەکرێت و زۆرترین کارتێکەری دەنگی سروشتی و دەستکردی تێدا ڕەنگی داوەتەوە ئەو بەرنامەیە وەك سامپڵی توێژینەوەکە وەرگیراوە.

**١,١,٨ ئامرازی توێژینەوە**

توێژەران لەم توێژینەوەیەدا فۆرمی شیکاری ناوەرۆکی بەکارهێناوە بۆ شیکاری ڕواڵەتی و ناوەرۆکی کۆی یەکە و دەستە پەیوەندیدارەکان بە شیکاری کارتێکەری دەنگی لە بەرنامەی تامەکانی کوردستان-ی کەناڵی ئاسمانی کوردسات.

**١,١,٩ سنووری توێژینەوە**

-بابەت: (تەکنەلۆژیای نوێی میدیایی و بەرهەمهێنانی کارتێکەرە دەنگییەکانی کەناڵە ئاسمانییە کوردییەکان) دەگرێتەوە.

-کات: (٢٠-٢-٢٠٢٦ هەتا ١٥-٥-٢٠٢٦)، لەم کاتەدا بەشی پراکتیکی توێژینەوەکە جێبەجێکراوە.

-شوێن: (پارێزگای سلێمانی) لە هەرێمی کوردستان-عێراق لەخۆدەگرێت.

**١,١,١٠ ڕاستی و جێگیری توێژینەوە**

١. ڕاستی ئامرازی توێژینەوەکە: بۆ دەرخستنی ڕاستی ڕواڵەتی توێژەران فۆرمی شیکارییەکەی بەشێوەی سەرەتا خستە بەردەست ژمارەیەك لە هەڵسەنگێنەری شارەزاو پسپۆر بەمەبەستی هەڵسەنگاندن و تۆمارکردنی تێبینییەکان، لەسەر ئەو بنەمایەی کە هاوکێشەی ڕاستی ڕواڵەت=بڕگە گونجاوەکان/کۆی بڕگەکان×١٠٠، کەواتە ڕێژەکەی دەکاتە (٩٧،٣٪)، ئەم ڕێژەیەش ئاماژەیە بۆ گونجاوی ڕاستی فۆرمەکە.

ناوی هەڵسێنگێنەران:

شێرکۆ جەبار محەمەد، دکتۆرا، پرۆفیسۆر، زانکۆی پۆلیتەکنیکی سلێمانی

ئیبراهیم سەعید فەتحوڵڵا، دکتۆرا، پرۆفیسۆر، زانکۆی سلێمانی

یەحیا عومەر فەتاح، دکتۆرا، پرۆفیسۆر، زانکۆی پۆلیتەکنیکی سلێمانی

کاروان محەمەد حەسەن، دکتۆرا، پرۆفیسۆر، زانکۆی سلێمانی

هەژار محەمەد جەلال، دکتۆرا، پرۆفیسۆر، یاریدەدەر، زانکۆی پۆلیتەکنیکی سلێمانی

ڕۆژە حەمە وەیس حەمە میرزا، دکتۆرا، پرۆفیسۆر، یاریدەدەر، زانکۆی سلێمانی


- **Publisher:** University of Sulaimani, **ISSN (Print):** 1813-0852, **ISSN (Online):** 2617-3034
- **Journal Websitehttps://sjh.univsul.edu.iq/**, **Volume:** [1], **Issue:** [3], **Year:** [2026], **DOI:** [10.17656/jzsb.12573]
- **Submission Date:** [17/6/2026], **Revised Date:** [17/6/2026], **Accepted Date:** [28/6/2026], **Published Date:** [30/9/2026]

کاروان محەمەد عەبدوڵڵا، دکتۆرا، پرۆفیسۆر، یاریدەدەر، زانکۆی سلێمانی

٢. جێگیریی داتاکانی توێژینەوەکە: توێژەران بۆ دەرهێنانی جێگیری داتاکانی توێژینەوەکە جێگیری ناوخۆییان بەکارهێناوە پشتبەست بەهاوکێشەی هۆڵستی کەدەکاتە خاڵە ناکۆکەکان/خاڵە ناکۆکەکان+ خاڵە کۆکەکان×١٠٠= (٩٥،٧%)، کە ئاماژەیە بۆ پلەی بەرزی پێوانەی جێگیری داتاکانی توێژینەوەکە.

**١،١،١١ دیاریکردنی چەمکەکانی توێژینەوە**

١. رۆڵ ( Role): بریتییە لەو کارە یان ئەرکەی کە کەسێك یان ئامێرێك یان کارەستەیەك لەبوارێکی تایبەتدا دەیبینێت، بێگومان ئێمە لێرەدا مەبەستمان رۆڵی تەکنەلۆژیای نوێی میدیاییە لەبەرهەمهێنانی کارتێکەرە دەنگییەکان لە کەناڵە ئاسمانییە کوردییەکاندا.

٢. تەکنەلۆژیای نوێی میدیا: بریتییە لەو تەکنەلۆژیا نوێیانەی کە لەبواری میدیادا لە قۆناغەکانی بەرهەمهێنانی میدیایی بەکاردەهێنرێن بەشێوازی جیاواز و سەرنج راکێش.

٣. بەرهەمهێنان (Production) : بریتییە لە سازکردن و دروستکردنی بەرهەمێکی نوێ، یان گۆڕینی ماددەیەك یان بەرهەمێك بۆ بەرهەمێکی نوێ، کە لێرەدا مەبەست لەبەرهەمێهنانی کارتێکەرە دەنگییەکانی بەرنامەی تامەکانی کوردستانە لە کەناڵی ئاسمانی کوردسات.

٤. کارتێکەرە دەنگییەکان (Sound Effects): بریتییە لەو کارتێکەرە دەنگییانەی کە رۆڵیان هەیە لە تێکەڵکردن (Mixing) یان زیادکردنی ئیفێکتی دەنگی (Sound Effects ) یان بەهێزکردنی دەنگەکان لەبەرهەمێکی نوێی میدیاییدا.

٥. کەناڵە ئاسمانییە کوردییەکان: مەبەست لەو کەناڵە ئاسمانییانەیە کە بەزمانی کوردی پەخش دەکەن و پرۆگرامەکانیان بڵاودەکەنەوەو بەرهەمە میدیاییەکانیان ئاراستەی بینەری کورد دەکەن، بەمەبەستی ئامانجێکی دیاریکراو، لەم توێژینەوەیەدا مەبەست لە کەناڵی ئاسمانی کوردسات-ە کە سامپڵێکی شیکاری لێوەرگیراوە.

**٢. تیۆرینامەی توێژینەوە**

**٢،١ تەکنەلۆژیا نوێی میدیا**

**٢،١،١ مێژووی تەکنەلۆژیا**

**١ مێژووی تەکنەلۆژیا.**

بۆ تێگەیشتن لەچۆنێتی گەیشتنی مرۆڤ بەو ئاستە بەرزەی ئێستای تەکنەلۆژیا بەقۆناغی گەشەسەندندا تێپەڕیوە، ئێمە لێرەدا بۆ پێنج قۆناغی سەرەکی ئەو مێژووە پۆلێن دەکەین:

١. سەردەمی پێش مێژوو (تەکنەلۆژیای بەردین):

لەم قۆناغەدا مرۆڤ فێربوو چۆن ژینگەی دەوروبەری کۆنترۆڵ بکات، بۆ ئەم مەبەستەش لەدروستکردنی کەرەستەی ڕاوکردن لە بەرد و دۆزینەوەی ئاگر بۆ گەرمکردنەوە و لێنانی خۆراك، دواتر بۆ داهێنانی چەرخ کە بنەمای هەموو ئامێرە گواستنەوەکانی دوای خۆی بوو، کەواتە دەتوانین هەموو ئەو ئامێرانە سادانەی لەو سەردەمەدا دۆزراونەتەوەو بەکارهاتوون ناوبنێین تەکنەلۆژیا.

٢. سەردەمی کشتوکاڵی و شارستانیەتە کۆنەکان:

لەم قۆناغەدا مرۆڤ لەراوکردنەوە هەنگاوی بۆ نیشتەجێبوون و بەرهەمهێنان نا کە تیایدا داهێنانی لەسیستەمی ئاودێری و دروستکردنی بینا مەزنەکان وەك ئەهرامەکان و شارە کۆنەکانی وەك میزۆپۆتامیا نا، هەر لەم قۆناغەدا بوو نوسین وەك تەکنەلۆژیایەکی زانستی داهێنرا بۆ تۆمارکردنی زانیاری.

٣. شۆڕشی پیشەسازی (سەدەی ١٨ و ١٩):

لەم قۆناغەدا گەورەترین وەرچەرخان لە مێژووی مرۆڤایەتیدا هاتە ئاراوە، کە لە هێزی ماسولکەوە گۆڕا بۆ هێزی ئامێر، لەگرنگترین ئەو داهێنانانەش بزوێنەری هەڵمی و دروستکردنی کارگە گەورەکانی ڕستن و چنین و دەرکەوتنی شەمەندەفەر بوو، هەربۆیە ئەم سەردەمە بووە هۆی گۆڕینی سیستەمی ئابووری جیهان لە کشتوکاڵییەوە بۆ پیشەسازی و چەندین کارگەی گەورە دروستکران کە دەتوانین وەك تەکنەلۆژیا لێیان بڕوانین، چونکە ناکرێت باس لە تەکنەلۆژیای نوێی بکەین و باس لەسەرەتاکانی ئەو شۆڕشە نەکەین.

٤. سەردەمی کارەبا و تەکنەلۆژیای میکانیکی(سەدەی ٢٠):

لەم قۆناغەدا ژیانی مرۆڤ ڕووناك بویەوە، بەو واتایەی جیهان بەهۆی تەکنەلۆژیای نوێوە توانی ووزە بەرهەمهێنێت و پاشانیش چەندین ئامرازی کارەبایی بەرهەم هات کە گۆڕانگاری زۆر گەورەیان هێنایە کایەوە لەژیانی مرۆڤایەتییدا، (علی، ٢٠٠٥: ٣٥).

٥. سەردەمی دیجاڵ و زانیاری (کۆتای سەدەی ٢٠ تا ئێستا):

"ئەم سەردەمەی کە تێیدا دەژین زانیاری گرانبەهاترین سەرمایەیە" (علی، ٢٠٠٥: ٣٨). هەڵبەت ئامزارە تەکنەلۆژییەکان شایەتی شۆڕشێکی ڕاستەقینەن کە لەدوای بەکارهێنانی تەکنەلۆژیا سەریان هەڵداوە، لەگەڵ ئەوەشدا ناتوانرێت نکوڵی لەمێژووی گۆڕانکارییە بنەڕەتیەکان بکرێت کە ڕوویان داوە، هەمووی بەهۆی تەکنەلۆژیای نوێوە بەرەو داهێنانی چەمکی نوێ ڕێرەوی خۆی گرتوە ئەگەر باسەکە کورت بکەینەوە تەنها لەمیدیادا وەك بەرهەمهێنەری چالاك، دیمەنی کۆنترۆڵکراو، کارلێکی دوولایەنە (هارون، ٢٠١٨: ٤٥٢).

**٢،١،٢ پێناسەی تەکنەلۆژیای نوێی میدیا**

تەکنەلۆژیا تەنها کۆمەڵێك ئامێر نییە، بەڵکو بریتییە لەجێبەجێکردنی ڕێکخراوی زانیارییە زانستیەکان بۆ مەبەستی کردەیی، ئەم پێناسەیە جەخت لەسەر ئەوە دەکاتەوە کە زانست لایەنی تیۆرییە و تەکنەلۆژیا لایەنی جێبەجێکردنە، کە دواجار ئەمەش ئامانجی سەرەکی دابینکردنی پێداویستیەکانی مرۆڤە و ئاسانکردنی ژیانی ڕۆژانەیە لەڕێی داهێنان و کەرەستەی نوێوە (الهادی، ٢٠٠٢: ٢١).

تەکنەلۆژیا سیستەمێکی تەواوکارییە، لە سێ ڕەگەزی سەرەکی پێکدێت: (مرۆڤ، کەرەستە و ئامێر، شێوازی کارکردن)، ئەم پێناسەیە ئەوە دەردەخات کە تەکنەلۆژیا پرۆسەیەکی فکرییە پێش ئەوەی ئامرازێك بێت، واتە کارلێکی نێوان ژیری مرۆڤ و ئامێرەکانە بۆ گەیشتن بە ئەنجامێکی دیاریکراو (صبر، ٢٠٠٢: ٣٨).

**٢،١،٣ جۆرەکانی تەکنەلۆژیای نوێی میدیا**

مایکرۆفۆن: بێگومان مایك یەکێکە لەگرنگترین ئامرازەکانی دەنگ کە ئەرکی گواستنەوەی لەرەلەر بۆ سیگناڵی ئەلیکترۆنی، کە بۆ یەکەمجار ئەم تەکنەلۆژیایە لە سەدەی (١٩)دا دۆزرایەوە، بەتایبەت لەگەڵ پەرەپێدان و گرنگی پێدانی تەلەفۆن لەلایەن (ئەلیکساندەر گراهم بێڵ)، پاشان لە سەدەی (٢٠)دا پەرەپێدانی

ڕادیۆ و تۆمارکردنی دەنگ، مایکەکان پەرەسەندنێکی خێرایان بەخۆوە بینی (عبدالحمید، ٢٠٠٥: ٢٥).

میکسەری دەنگ: یەکێکە لەئامرازەکانی سیستەمی تۆمارکردن و بەرهەمهێنانی دەنگ، کەلە نیوەی سەدەی بیستەوە پەرەی پێدراوەو بە دەرکەوتنی میکسەریش پرۆسەی تۆمارکردن لەشێوازی سادە دەستیەکانەوە گۆڕدرا بۆ سیستەمە ئەلیکترۆنیە پێشکەوتووەکان، هەڵبەتە لەگەڵ دەرکەوتنی تۆمارکرنی (فرە-تراك)دا، میکسەری دەنگی بووە ناوەندی کۆنترۆڵکردنی دەنگ، بۆ ڕێکخستنی ئاستی دەنگ و چارەسەرکردنی سیگناڵە دەنگیکان و زیادکردنی کارتێکەرە دەنگییەکان (هوبر، ٢٠١٠: ٣٨).

کۆمپیوتەر: یەکێکە لەگرنگترین داهێنانەکانی سەدەی بیستەم و بنەرەتی بیرۆکەکە دەگەڕێتەوە بۆ سەدەی (١٩)، هەڵبەت مێژوونوسان زانستی کۆمپیوتەر دابەش دەکەن بۆ پێنج نەوەی سەرەکی (الهادی، ٢٠٠٥: ٢٠).

١. (١٩٤٠-١٩٥٦): بەکارهێنانی (صمامان مغرغە)
٢. (١٩٥٦-١٩٦٣): داهێنانی ( Transistor)، ئەمەیان شۆڕش بوو چونکە کۆمپیوتەر، بچوکترو خێراتر و هەرزانتر کرا.
٣. (١٩٦٤-١٩٧١): لەم قۆناغەدا کۆمپیوتەرەکان شاشە و کیبۆردیان بۆ دانرا.
٤. (١٩٧١-٢٠٢٥) لەم قۆناغەدا چەندین تایبەتمەندی بۆ زیادکرا .
٥. (٢٠٢٥ تا ئێستا) دانانی زیرەکی دەستکرد.

ژووری پەخشی تەلەفزیۆنی (MCR) ناردن و پەخشکردن: مێژووی (MCR) هاوتەریبە لەگەڵ گەشەسەندنی تەکنەلۆژیای گەیاندن واتە لەقۆناغی( ١٩٥٠-١٩٨٠)دا لەسەرەتادا ژووری پەخش پڕ بوو لەئامێری گەورەو شریتی ڤیدیۆیی، کارمەندی زۆر، بەڵام پاش چەند دەیەیەك کارکردن ئامێرەکانی ژووری ناردن و پەخش گۆڕدران بۆ تەکنەلۆژیای نوێ و پەخشە ڕاستەوخۆکان زیادیانکرد و شریتە ڤیدیۆییەکان گۆڕدران بۆ داتاو سیگناڵ، لەقۆناغی (١٩٢٠-٢٠١٠): پەیدابوونی سێرڤەرەکان وایکرد شریتەکان نەمێنن و سیستەمی ئۆتۆماتیکی هاتە کایەوە، ئەمەش وایکرد خشتەی پەخش پیشوەختە دابنرێت، قۆناغ و سەردەمی(Cloud IP) واتە (٢٠١٠) تا ئێستا، زۆربەی ژوورەکانی پەخش پشت دەبەستن بەکێبڵ فایبەرو تەکنەلۆژیای ناردنی داتا بە ئینتەرنێت (الحناوی، ٢٠١٢: ٩٢-٩٨).

مانگی دەستکرد: شۆڕشیان لەجیهانی پەخشی تەلەفزیۆنی و پەیوەندیەکاندا بەرپا کرد، سەرەتای بیرۆکەی مانگی دەستکرد بۆ ساڵی (١٩٤٥) دەگەڕێتەوە، ئەو کات زانای بەناوبانگ (ئارسەر سی کلارك) پێشنیاری ئەوەی کرد کە سێ مانگی دەستکرد لەخولگەیەکی دیاریکراودا، دەتوانن هەموو زەوی داپۆشن، لەساڵی (١٩٧٥) یەکێتی سۆڤیەت یەکەم مانگی دەستکردی بەناوی "سپۆتنیك-١.(Sputnik-1) " ڕەوانەی بۆشایی ئاسمان کرد (اللبیدی، ٢٠٠٤: ٣١٥).

زیرەکی دەستکرد (AI): بۆتە بزووێنەری سەرەکی بۆ تەکنەلۆژیای میدیا، بێگومان زیرەکی دەستکرد بە تەنها ئامرازێکی یاریدەدەر نییە، بەڵکو وەك بزوێنەرێکی سەرەکی وایە کە جیهانی نوێ بەڕێوەدەبات، لەگرنگترین ئەو کار و ڕۆڵە کە هەیەتی بەکورتی ئاماژەی پێدەکەین: کەواتە زیرەکی دەستکرد(AI) میدیایی لەقۆناغی گواستنەوەی زانیاری، گۆڕینی بۆ قۆناغی دروستکردنی ئەزموونی تایبەت، چونکە بۆ هەر بەکارهێنانێك، ئەم تەکنەلۆژیایە سنوری نێوان ڕاستی خەیاڵی لەمەڵتی میدیادا کاڵ کردووەتەوە (Manovich, 2020: 210).

### ٢,١,٤ تایبەتمەندیەکانی تەکنەلۆژیای نوێی میدیا (سعید نوردین، ٢٠٢١: ٦-٧)

١. کارلێککردن: ئەمە دیارترین تایبەتمەندیەکانی تەکنەلۆژیای نوێی میدیایە، ئاماژە بەوە دەکات کە لەمیدیای نوێدا پەیوەندیەکە دوو ئاراستەیە، واتە بەکارهێنەر تەنها وەرگر نیە، بەڵکو دەتوانێت کۆنترۆڵی کات و جۆری ئەو ناوەڕۆکە بکات کە دەیەوێت ببینرێت.
٢. پەیوەست نەبوون بەکات ( A synchronicity): لەم تایبەتمەندیەدا، دەتوانرێت لەهەر کاتێکدا بتەوێت بچیتە ناو پەیام و ناوەڕۆکەکان و ببینیت، ئەمەش ئازادیەکی زۆری بە وەرگر بەخشیوە.
٣. توانای کۆکردنەوەو تێکەڵکردن: بەواتای ئەوە دێت لەیەککاتدا دەتوانرێت تێکست و وێنەو ڤیدیۆ تێکەڵ بکرێن و بەرهەمێکی نوێی لێ بەرهەمبهێندرێت.
٤. جوڵە و گواستنەوە: بەهۆی تەکنەلۆژیای نوێوە زۆر بەئاسانی دەتوانرێت داتاکان بگوازرێنەوەو جوڵەیان پێ بکرێت، هەروەها تەکنەلۆژیای نوێی میدیا وایکردوە میدیا لەگەڵ مرۆڤدا بگەڕێت، بەهۆی ئامێرە بێ تەلەکان و مۆبایلەوە، میدیا چیتر پەیوەست نیە بەشوێنێکی جێگیرەوە.
٥. گشتگیری و جیهانیبوون: لەم تایبەتمەندییەی تەکنەلۆژیای نوێی میدیا باس لەوە دەکات کە میدیای نوێ سنورە جوگرافیەکانی بەزاندووەو هەر ناوەڕۆکێك لەهەر شوێنێکی جیهان بڵاوبکرێتەوە، لەهەمان کاتدا لەهەموو شوێنەکانی تری جیهان دەبینرێت.
٦. هەڵگرتن و پاراستن: بەهۆی تەکنەلۆژیای نوێی میدیاوە دەتوانرێت هەموو داتا و زانیارییەکان بۆ ماوەیەکی زۆر دوور و درێژ هەڵگیرێت و بپارێزرێت و پاشان وەك ئەرشیف لێی بڕواندرێت.

### ٢,١,٥ لایەنە باشەکانی تەکنەلۆژیای میدیا (حمید، ٢٠١١ :٤٨)

١. کارلێککردن: بریتییە لە پرۆسەی گۆڕینەوەی دوولایەنەی زانیاری، پەیام، یان کاردانەوە لە نێوان نێرەرو وەرگر (جەماوەر)، یان لە نێوان بەکارهێنەر و ئامێر یان سیستەمێکی تەکنەلۆژیدا، لەم پرۆسەیەدا وەرگر لە (تەنها بیسەر یان بینەر) دەگۆڕێت بۆ بەشداربووێکی چالاک کە دەتوانێت کاریگەری لەسەر ناوەرۆک یەکە یان ئاراستەی پەیامەکە دروست بکات.
٢. خێرایی گواستنەوە: ئەمە باوترین بەکارهێنانی چەمکەکەیە و پێی دەوترێت (Data Transfer Rate) بریتییە لەو بڕە زانیارییەی (داتا) کە لە یەکەیەکی کاتدا (زۆربەی کات بە چرکە) لە شوێنێکەوە بۆ شوێنێکی تر دەگوازرێتەوە.


- **Publisher:** University of Sulaimani, **ISSN (Print):** 1813-0852, **ISSN (Online):** 2617-3034
- **Journal Websitehttps://sjh.univsul.edu.iq/**, **Volume:** [1], **Issue:** [3], **Year:** [2026], **DOI:** [10.17656/jzsb.12573]
- **Submission Date:** [17/6/2026], **Revised Date:** [17/6/2026], **Accepted Date:** [28/6/2026], **Published Date:** [30/9/2026]

٣. گۆڕانکارییەکی بەرز بەرەو دیجیتاڵ بوون: کە ئەم گۆڕانکارییە چەندین سوودی تەکنیکی هێنایە کایەوە لەوانە، کواڵتی بەرز،پاراستن و ئەرشیف کردن، پرکردنەوەی خواستی وەرگر، فرە چەشنی لە ناوەڕۆکداو تێکەڵکردنی دەق- وێنە- دەنگ- ڤیدیۆ و گرافیك، کە ئەمانە وایکردووە پەیامەکە کاریگەرتر و سەرنجڕاکیش تربێت بۆ وەرگر.

٤. کەمکردنەوەی تێچووی ستاف و گەشەپێدانی توانای ڕۆژنامەنووس: لەڕووی ئابوورییەوە تێچووی بەرهەمهێنان کەمترە بەراوورد بە بەرهەمهێنانی تەقلیدی، هەورەها تەکنەلۆژیا وایکردووە کە ڕۆژنامەنووسی پرۆفیشناڵ دروست ببێت.

٢-١-٦ لایەنە خراپەکانی تەکنەلۆژیای نوێی میدیا (حمید، ٢٠١١: ٣٣٥).

١. گرفتی مرۆیی: پێویستی بە کەسانی شارەزاو پسپۆڕ هەیە بۆ کارپێکردنی و تەنانەت هەندێکجار پێویستی بەشارەزایی زمانیش هەیە.

٢. لایەنی تەکنیکی و ئابوری: بەشێك لە تەکنەلۆژیاکان پێویستی بەبوونی ئابوورییەکی باش هەیە بۆ بەدەستهێنان ئەمەش یەکێکە لەخاڵە سلبییەکانی تەکنەلۆژیا.

٣. لایەنی پیشەیی و ئەخلاقی: زۆرجار ڕۆژنامەنوسان ئامێرەکانی تەکنەلۆژیا بۆ ئەو مەبەستە بەکارناهێنن کە بۆی بەرهەم هاتووەن ئەمەش لادان لەپیشە و تێکچوونی کۆمەڵایەتی لێدەکەوێتەوە.

٤. لایەنی کلتوری و کۆمەڵایەتی (داگیرکاری کلتوری): گۆڕانکارییە خێراکانی تەکنەلۆژیا وایکردوە کە کلتور و پرسە کۆمەڵایەتییەکان جێبهێڵێت و کاڵیان بکاتەوە.

٥. خولی و مەشق و ڕاهێنان: یەکێکی دیکە لە لایەنە خراپەکانی تەکنەلۆژیا ئەوەیە کە پێویستە ئەو کەسانەی تەکنەلۆژیا بەکاردەهێنن بەشداری خوڵ و مەشق و ڕاهێنانیان بکەن، کە ئەمەش زۆر بەکەمی لەناوی میدیایی کوردیدا دەبینرێت.

٦. گرفتی ژێرخانی تەکنیکی (وەك کارەبا و ئینتەرنێت): بەشێکی زۆر تەکنەلۆژیاکانی میدیا پێویستیان بە وزەیەك هەیە بۆ کارپێکردنیان کە ئەمەش وادەکات و کە ئامێرەکان پشت بەووزەی دەرەکی ببەستن و بێ ئەو وزەیە کار نەکەن.

## ٢,٢ کارتێکەرە دەنگییەکان

### ٢,٢,١ مێژووی کارتێکەرە دەنگییەکان

لەقۆناغی مرۆڤە دێرینەکانەوە بگرین تا نها، دەنگ هێزێکی جادووی هەبووە دەنگیان وەك نیشانەیەك بۆ ژیان و مردن، دەبینی، بەو واتایەی کە دەنگ تەنها لەرەلەر نیە، بەڵکو کاریگەری ڕاستەوخۆی لەسەر ئارامی دەروونی مرۆڤ هەیە (حقیقی محسین، همکاران،١٣٩٦: ٣).

ڕیمۆند شەرڤەر، نوسەر و مێژوونانسی کەنەدی کە باوکی زانستی (ئیکۆلۆژی دەنگ) لەجیهاندا دەناسرێت و زۆربەی توێژینەوەکانی لەبواری دەنگ و کارتێکەرە دەنگییەکاندایە دەڵێت: مێژووی دەنگ و کارتێکەرە دەنگیەکان بۆ دوو قۆناغی سەرەکی دابەش دەکات:

١. سەردەمی پێش پیشەسازی: لەم سەردەمەدا کارتێکەرە دەنگیەکان زۆر ڕوون بوون چونکە دەنگەکان سروشتی بوون وەك (با،ئاو،ئاژەڵ و باڵندەکان و دەنگی سروست)یان دەستکردبوون وەك دەنگی (پێکدادانی دوو تەن "چەکوژ"، زەنگی کەنیسە) ،هەروەها مرۆڤ دەیتوانی لە دوورەوە ناسنامەی دەنگەکان جیادەکاتەوە، چونکە ژاوەژاوی ترافیك و کارگەکان نەبوون (Schafer, 1977: 43).

٢. سەردەمی دوای پیشەسازی: لەدوای هێنانی مەکینەی هەڵمی و دواتر کارەبا، کارتێکەرە دەنگیەکان گۆڕانیان بەسەردا هات، چونکە دەنگەکان بوون بە دەنگی هەمیشەیی و بەردەوام وەك دەنگی (کارگەکان، ئۆتۆمبێل، ئامێرەکان)، ئەم گۆڕانکارییەیانە وایانکرد کە مرۆڤ کپ بێت لەناو کارتێکەرە دەنگییەکاندا نەتوانێت بە ئاسانی گوێی لەکارتێکەرە دەنگە وردەکانی سروشت و تەنانەت هەندێکجار کارتێکەرە دەستکردەکانیش ببێت (Schafer, 1977: 71).

### ٢,٢,٢ پێناسەی کارتێکەرە دەنگییەکان

کارتێکەرە دەنگییەکان بریتیە لەکۆمەڵێك فاکتەری فیزیکی و ژینگەیی کە ناسنامەی دەنگی شوێنێك پێکدەهێنن و کار دەکەنە سەر چۆنێتی درکپێکردنی مرۆڤ بۆ ئەو ژینگەیە، بۆیە کارتێکەرە دەنگیەکان تەنها ژاوەژاو نین و بریتین لە سێ ڕەهەندی سەرەکی: سەرچاوەی دەنگ (دەستکرد- سروشتی)، ناوەندی گواستنەوە (هەوا یان تەنەکان)، کاردانەوەی مرۆڤ: کە خۆی لەو کاریگەرییە دەنگیانە دەبینێتەوە کە لەسەر بیسەر یان بینەر دروستی دەکات) (نصرالدین، ٢٠١٥: ٢١).

پێناسەیەکی دیکە بۆ کارتێکەرە دەنگیەکان: هەر وەکو (الؤثرات الاکوستکیە) پێناسەی دەکات و دەڵێت: بریتیە لەو گۆڕانکارییە فیزیاییانەی کە لەکاتی بەرکەوتنیان بە ڕووبەرەکان وەك( دەنگدانەوە،شکانەوە) دروستدەبێت، هەربۆیە پێکهاتەی فیزیکی کارتێکەرە دەنگیەکان سیفەتی شوێنەکە دیاریی دەکەن (مروان، ٢٠١٠: ٣٤).

### ٢,٢,٣ جۆری کارتێکەرە دەنگییەکان

١. کارتێکەری دەنگی سروشتی ( Acoustic/Natural Sound): ئەمە ئەو دەنگەیە کە لەسروشتدا هەیە بەهۆی لەرەلەری فیزیایی تەنەکانەوە دروست دەبێت، بێ ئەوەی دەستکارییەکی دیجیتاڵی بکرێت، ئەم دەنگانە بە شێوەی شەپۆلی ئەنالۆگ دەگوازرێنەوە، خاوەنی داینامیکیەکی سروشتین، نموونە: دەنگی مرۆڤ، با، ئاو، باران، دەنگی ئاژەڵ و باڵندە، دەنگی ئامێرەکانی میوزیك بەبێ بەکارهێنانی بڵندگۆ (الودعان، ٢٠١٤: ٣٥).

٢. کارتێکەری دەنگی تۆمارکراو (Record Sound): لەزانستی دەنگ ناسیدا بەو سیگناڵە دەوترێت کەلە وزەیەکی فیزیاییەوە(لەرەلەری)، هەوا گۆڕدراوە بۆ شێوازێکی تر( کارەبایی یان دیجیتاڵی)بۆ ئەوەی بتوانرێت لە کات و شوێنێکی تردا دووبارە لێبدرێتەوە، ئەمەش پێی دەگوترێت دەنگی تۆمارکراو بۆ نموونە وەك تۆمارکردنی دەنگی هەنگاوی بێژەرێك لەناو بەرنامەیەکدا (ابراهیم، ٢٠١٥ :١٨).

### ٢,٢,٤ تایبەتمەندییەکانی کارتێکەرە دەنگییەکان

١. دیاریکردنی کات و شوێن: لێرەدا دەنگ و کارتێکەرەکان وەك ناسنامەیەك کاردەکەن بۆ ناسینەوەی ژینگەی ڕووداوەکە وەك دەنگی (شەقام، دارستان، دەریا، یان ژوورێك و ئۆفیسێك).
٢. زیادکردنی واقعی بوون: دەنگ و کارتێکەرە دەنگییەکان وا دەکەن بینەر بڕوا بەو دیمەنانە بهێنێت کە دەیانبینێت، لەو شوێنانەی کە وێنەکە بە تەنها توانای گەیاندنی هەموو ڕەهەندەکانی نیە .
٣. جوڵاندنی لایەنی سۆزداری و دەروونی: بێگومان کارتێکەرە دەنگیەکان کاریگەری ڕاستەوخۆیان لەسەر (نا وشیاری) مرۆڤ هەیە و دەتوانن هەستی (ترس،دڵنیایی، جۆش و خرۆش، ئارامی، دڵەڕوکێ، خەمباری) دروست بکەن.
٤. تەواوکاری لەگەڵ وێنە: ئەمە یەکێکە لە تایبەتمەندیە جوانەکانی کارتێکەرە دەنگیەکان کە پێکەوە واتا دروست دەکەن و زۆر کات دەنگ واتا بە وێنە ناڕوونەکان دەبەخشێت، یاخود ئاڕاستەی تێگەیشتنی بینەر دەگۆڕێت، (المنطاوی،٢٠٢٢: ٣٧٤).

## ٢,٢,٥ لایەنە ئەرێنییەکانی کارتێکەرە دەنگییەکان

١. بەرجەستەکردنی واقع: بەهۆی کارێتکەرە دەنگییەکانەوەیە کە بەرنامەو ریکلام و بەرهەمە تەلەفزیۆنییەکان بەزیندویی دەردەکەون، هەر بۆیە کارتێکەرە دەنگیەکان ڕەهەندی سێهەم بە وێنە دەبەخشن (شیون، ٢٠٠٥: ٢٥).
٢. کارتێکەری دەروونی و سۆزداری: کارتێکەرەکان دەتوانن هەستی (ترس-دڵخۆشی، متمانە)، لای بینەر دروستبکەن پێش ئەوەی وێنەکە ببینێت لە ڕیکلامدا، بۆ نموونە: دەنگی ڕژاندنی خواردنەوەیەکی سارد هەستی تینوێتی لای بینەر دەبزوێنێت (شیون،٢٠٠٥: ٢٨).
٣. ڕاکێشانی سەرنج: بێگومان لە جەنجاڵی و سەرقاڵی زۆر کاری میدیایدا، کارتێکەری دەنگی نائاسایی دەبێتە هۆی ئەوەی بینەر بەهۆش خۆی بهێنێتەوەو سەیری شاشەکە بکاتەوە، ئەگەر سەرقاڵی شتێکی تر بووبێت.
٤. چارەسەری کەموکورتییەکان: هەندێکجار لەڕێگەی کارتێکەری دەنگییەوە دەتوانرێت گرفتەکانی ناو تۆمارکردنی دەنگی لەبەرنامەکاندا چارەسەر بکرێت وەك دەنگی (هەناسە یان ژاوەژاو) پێ کەم بکرێتەوە (میلیرسۆن، ١٩٩٠: ١٨٥).

## ٢,٢,٦ لایەنە نەرێنی و ئاستەنگەکانی کارتێکەرە دەنگیەکان

١. دروستبوونی ژاوەژاو: زۆری کارتێکەرە دەنگییەکان دەبێتە هۆی ئەوەی وەرگر توشی بێزاری و شەکەتبوون ببێت و پەیامەکە فەرامۆش بکات (إسماعیل، ٢٠١١: ١٦٩).
٢. نەبوونی هاوسەنگی: زۆرجار ئەندازیاری دەنگ کارتێکەرەکان وەك (پڕکەرەوەی بۆشایی) بەکاردەهێنن، ئەمەش دەبێتە هۆی ئەوەی بینەر سەرنجی لەسەر ناوەڕۆکی بەرهەمەکە نەمێنێت.
٣. کارتێکەری ناشاز: بەکارهێنانی کارتێکەری دەنگی تیژ یان ناشاز کە لەگەڵ ڕیتمی وێنەکە ناگونجێت، دەبێتە هۆی دروستکردنی وێنەیەکی نەرێنی لای وەرگر (إسماعیل، ٢٠١١: ١٧٤).

٤. لایەنی ئیستاتیکا: لێرەدا ئاماژە بەوە دەکەین کە بەکارهێنانی کارتێکەری دەنگی ئامادەکراو (READ-MADELIBRAR) بەبێ دەستکاری، وادەکات بەرهەمەکە (ناسنامەی تایبەتی) نەبێت، وەك کارێکی دووبارە بووەوە بێزارکەر لای وەرگر دەربکەوێت، ئەمەش بەیەکێك لە لایەنە نێگەتیڤەکانی بواری دەنگ دادەنرێت (جاف، ٢٠١٢: ٩٨).
کۆتایی..
دەرکەوتووە کە گەشەسەندنی تەکنەلۆژیای نوێی میدیا و دەرکەوتنی زیرەکی دەستکرد، ژینگەیەکی فرەڕەهەندیان بۆ پرۆسەی ڕاگەیاندن ڕەخساندووە، لەم چوارچێوەیەدا، کارلێککردن و خێرایی گواستنەوەی داتا، شانبەشانی بەکارهێنانی زانستی و دروستی کارتێکەرە دەنگییە سروشتی و تۆمارکراوەکان، بوونەتە بنەمای سەرەکی بۆ بەرزکردنەوەی کوالێتی و واقیعیبوونی بەرهەمەکان، جووڵاندنی سۆزی وەرگر و گۆڕینی جەماوەر لە بیسەرێکی نەرێنییەوە بۆ بەشداربووێکی چالاک لە دەستنیشانکردنی ئاڕاستەی پەیامە میدیاییەکاندا.

## ٣. پراکتیکنامەی توێژینەوە

### ٣,١ کەناڵە ئاسمانییە کوردییەکان

کەناڵە ئاسمانییە کوردییەکان ڕۆڵێکی سەرەکی دەبینن لەگواستنەوەی زانیاری، کلتور و زمان لەسەرانسەری کوردستان و جیهاندا، کەناڵە کوردییەکان لەسەر چەندین مانگی دەستکردی، وەك: (Nilesat, Hotbird, Yahsat, Eutelsat)) پەخشی بەرنامەو پرۆگرامەکانیان دەکەن و بەپێی ناوەڕۆك و شوێنی جوگرافیان پۆلێن دەکرێن، بەپێی بەدواداچوونەوەکانی توێژەران لەئێستادا نزیکەی (٤٠) کەناڵی ئاسمانیی کوردی چالاك لەناو مانگە دەستکردەکاندا بوونیان هەیە، کەناڵی مید تیڤی ( Med TV)، کە وەك یەکەمین کەناڵی ئاسمانیی کوردی لەمێژوودا دەناسێنرێت، لەساڵی (١٩٩٥) لە وڵاتی بەریتانیا و بە دیاریکراوی لەشاری لەندەن دامەزراو مۆڵەتی پەخشی وەرگرت، پاشان میدیا تیڤی (Medya TV) دووەم کەناڵی ئاسمانی کوردی بوو کە لەساڵی (١٩٩٩) لە وڵاتی فەرەنسا لەشاری پاریس دامەزرا، هەروەها لەباشووری کوردستانیش کەناڵی کوردستان تیڤی (Kurdstan tv) وەك سێهەمین کەناڵی ئاسمانی و یەکەمین کەناڵی ئاسمانی کوردی لەباشووری کوردستان دامەزرا، کەناڵی ئاسمانی (Kurdsat) کە وەك سامپڵی توێژینەوەکەشم وەرمگرتووە، دووەهەمین کەناڵی ئاسمانی کوردی بووە لەباشووری کوردستان و لەساڵی (٢٠٠٠) دامەزراوە و هەتا ئێستاش لەپەخشکردن بەردەوامە، پاشانیش کەناڵەکانی دیکە، وەك: (Roj TV، KNN، Newroz TV، TRT Kurdî،NRT، Rudaw، Speda TV، Payam TV، Kurdistan٢٤، Ava Media، Afarin tv، Channel 8) چەندین کەناڵی دیکە دامەزران کە ئامانجیان خستەڕووی زانیاریی و ئامانجی دیاریی کراوی خۆیانە، هەروەها دەرکەوتنی کەناڵە ئاسمانییە کوردییەکان وەرچەرخانێکی گەورە بوو لەگەیاندنی دەنگی گەلی کورد بە جیهان و کۆکردنەوەی پارچەکانی کوردستان لە شاشەیەکدا.

### ٣,٢ کەناڵی ئاسمانی کوردسات

- **Publisher:** University of Sulaimani, **ISSN (Print):** 1813-0852, **ISSN (Online):** 2617-3034
- **Journal Website**https://sjh.univsul.edu.iq/, **Volume:** [1], **Issue:** [3], **Year:** [2026], **DOI:** [10.17656/jzsb.12573]
- **Submission Date:** [17/6/2026], **Revised Date:** [17/6/2026], **Accepted Date:** [28/6/2026], **Published Date:** [30/9/2026]

تۆڕی میدیایی کوردسات (Kurdsat Broadcasting Corporation) یەکێکە لەگرنگترین و کاریگەرترین کەناڵەکانی ڕاگەیاندنی ئاسمانیی کوردی، کە شێواز و قوتابخانەیەکی تایبەتی لەکارکردنی میدیاییدا چەسپاند، کەناڵەکە لە (١ی کانوونی دووەمی ٢٠٠٠) ڕێك لەگەڵ هاتنە ناوەوەی مرۆڤایەتی بۆ ناو هەزارەی نوێ، پەخشی ئەزموونی خۆی دەستپێکردو دواتر بوو بە پەخشی فەرمی، کە بنکەی سەرەکی لەپارێزگای سلێمانی بوو، خاوەندارێتی دەگەڕێتەوە بۆ یەکێتیی نیشتمانیی کوردستان و بیرۆکەو دامەزراندنەکەی لەلایەن (هێرۆ ئیبراهیم ئەحمەد) بوو، کەناڵی ئاسمانی کوردسات بوو بە دووەمین کەناڵی ئاسمانی لەناوخۆی خاکی کوردستاندا و یەکەمین کەناڵی ئاسمانی لە دەڤەری سلێمانی، کوردسات لەسەرەتای دامەزراندنییەوە جیاوازییەکی زۆری لەگەڵ کەناڵەکانی سەردەمی خۆیدا هەبوو؛ چونکە زۆر گرنگی بە زمان و زمانەوانی دەداو هەروەها میدیای خێزانی و فەرهەنگیی بوو بەپێچەوانەی کەناڵە حزبییە باوەکان کە تەنها باسی سیاسەتیان دەکرد، لە ساڵی ٢٠١٢دا، کوردسات بوو بە یەکەمین کەناڵی ئاسمانی کوردی کە بە شێوەیەکی فەرمی پەخشەکەی بگۆڕێت بۆ سیستەمی کوالێتی بەرزی (HD)و پاشان Kurdsat News و ڕادیۆی کوردسات وێبسایتی کوردساتی لێ بەرهەم هات.

**٣,٣ بەرنامەی تامەکانی کوردستان**

بەرنامەی تامەکانی کوردستان کە لەتوێژینەکەمدا شیکاری بۆ کراوە یەکێکە لەسەرنجراکێشترین، پڕبینەرترین بەرنامە دۆکیۆمێنتاری و گەشتیارییەکانی کەناڵی ئاسمانیی کوردسات، کە توانی مۆدێلێکی نوێ لە ناساندنی کولتوور و جوانییەکانی کوردستان پێشکەش بکات کە چەندین کارتێکەری دەنگی تێیدا بەکارهێنراوەو بەرنامەکەی سەرنج ڕاکێشتر کردوە، هەروەها لەبەرنامەکەدا زۆرترین کارتێکەری دەنگی هەیە، کە دواجار کاریگەری کردوەتە سەر بینەرو ڕەنگدانەوەی هەبووە لەسەر بەرنامەکە.

**٣,٤ ئەنجامی شیکاری توێژینەوە**

دەستە ڕواڵەتییەکان.

**خشتەی (١) تەکنەلۆژیای نوێی بەکارهاتوو لەبەرهەمهێنانی کارتێکەرە دەنگییەکاندا**

| یەکەم/ ئامێرەکان | دووبارە | ڕێژەی سەدی |
|---|---|---|
| کامێرای ڤیدیۆ | ٣ | ١٨،٧٥ |
| مایك | ٣ | ١٨،٧٥ |
| میکسەر | ١ | ٦,٢٥ |
| کۆمپیوتەر | ٢ | ١٢،٥ |
| ئامێری ریکۆردی دەنگ | ١ | ٦,٢٥ |
| مۆبایل | ١ | ٦,٢٥ |
| بڵنگۆ- هێتفۆن | ٥ | ٣١,٢٥ |
| کۆی گشتی | ١٦ | ١٠٠ |
| دووەم/ پرۆگرامەکان | دووبارە | ڕێژەی سەدی |
| Adobe Audition | ١ | ٥٠ |
| Adobe Premier | ١ | ٥٠ |
| کۆی گشتی | ٢ | ١٠٠ |
| سێیەم/ ئامرازەکان | دووبارە | ڕێژەی سەدی |
| میمۆری | ٣ | ٦٠ |
| هارد | ١ | ٢٠ |
| سێرڤەر | ١ | ٢٠ |
| کۆی گشتی | ٥ | ١٠٠ |
| چوارەم/ گەیەنەرەکان | دووبارە | ڕێژەی سەدی |
| کێبڵی دەنگ | ٥ | ٣٥،٧ |
| فیشە | ٤ | ٢٨،٦ |
| کارتەکان | ٥ | ٣٥،٧ |
| کۆی گشتی | ١٤ | ١٠٠ |

بەپێی خشتەی (١) دەردەکەوێت کە ئامێرو بەرنامەو گەیەنەرەکان نەبن، کارتێکەرە دەنگییەکان بوونیان نابێت لەناو بەرنامەکاندا، هەر چەندە بوونیشیان کەمە، بەڵام کاریگەریی زۆریان لەسەر بوونی کارتێکەرە دەنگییەکان لەناو بەنامەکاندا هەیە، بەشێوەیەك بۆ هەر بەرنامەیەك پشت بە (٣) کامێرای ڤیدیۆیی و (٣) مایك و (١) میکسەر و (٢) کۆمپیۆتەرو (١) ئامێری ریکۆردکردنی کارتێکەری دەنگی و (١) ئامێری مۆبایل و (٥) بڵنگۆو هێتفۆن بەستووە، هەروەها لەڕووی پرۆگرامەوە کار بەدوو پرۆگرامی مۆنتاج دەکەن کە ئەوانیش (Adobe Audition) بۆ ریکۆرد و مۆنتاژ و زیادکردنی کارتێکەری دەنگی و (Adobe Premier) بۆ مۆنتاژی وێنە و ڤیدیۆ و دەنگ پێکەوە، لەگەڵ ئەوەشدا (٣) میمۆری و (١) هارد و (١) سێرڤەر وەك تەکنەلۆژیای نوێ سوودی لێوەرگیراوە، بێگومان گەیەنەرەکانیش ڕۆڵی بەرچاویان هەیە لەبەرهەمهێنانی کارتێکەرە دەنگییەکاندا بەشێوەیەك لەهەر بەنامەیەکدا (٥) گێبڵی دەنگی و (٤) فیشە و (٥) کارتی گەیەنەر بەکارهاتوون، بۆیە بەگشتی هەوڵدراوە تەکنەلۆجیای نوێی بەکارهاتوو لەبەرهەمهێنانی کارتێکەرە دەنگییەکانی کەناڵە ئاسمانییە کوردییەکاندا بکرێن بەچوار بەشەوە کەئەوانیش خۆیان لە (ئامێرەکان و پرۆگرامەکان و ئامرازەکان و گەیەنەرەکان) دا دەبینێتەوە، بەڵام بەگشتی بەرنامەکە لە ڕووی مرۆیی و کەرەستەو تەکنەلۆژیای نوێی میدیاییەوە پشتی بەکەسانی شارەزاو تەکنەلۆجیای نوێ و کارتێکەری دەنگی سروشتی و دەستکرد بەستووەو توانراوە بەرنامەیەکی پڕبینەرو بەسوود بەرهەمبهێندرێت.

**خشتەی (٢) جۆری کارتێکەرە دەنگییەکان**

| جۆرەکان | بەرنامەی یەکەم | | بەرنامەی دووەم | | بەرنامەی سێیەم | | بەرنامەی چوارەم | |
|---|---|---|---|---|---|---|---|---|
| | دووبارە | ڕێژەی سەدی | دووبارە | ڕێژەی سەدی | دووبارە | ڕێژەی سەدی | دووبارە | ڕێژەی سەدی |
| سروشتی | ٢٥ | ٦٢،٥ | ٢٢ | ٥٥ | ٢٦ | ٦٠،٤ | ١٨ | ٦٠ |
| دەستکرد | ٦ | ١٥ | ٨ | ٢٠ | ٧ | ١٦،٣ | ٥ | ١٦،٦ |
| هەردووکیان | ٩ | ٢٢،٥ | ١٠ | ٢٥ | ١٠ | ٢٣،٤ | ٧ | ٢٣،٤ |
| کۆی گشتی | ٤٠ | ١٠٠ | ٤٠ | ١٠٠ | ٤٣ | ١٠٠ | ٣٠ | ١٠٠ |

بەپێی خشتەی (٢) دەردەکەوێت کە کارتێکەری دەنگی سروشتی زۆرترین کارتێکەری دەنگین لەسەرجەم ئەو بەرنامانەی کە وەك نموونە وەرگیراون، بەشێوەیەك لە بەرنامەی یەکەمدا لەکۆی (٤٠) کارتێکەری دەنگیی، (٢٥) و لە بەرنامەی دووەمیدا دووبارە لەکۆی (٤٠) کارتێکەری دەنگی (٢٢) کارتێکەرو لەبەرنامەی سێهەمدا لەکۆی (٤٣) کارتێکەری دەنگی (٢٦) کارتێکەرو لەبەرنامەی چوارەمیشدا لەکۆی (٣٠) کارتێکەری دەنگی (١٨) کارتێکەریان لەجۆری سروشتین، هەروەها بەپێی شیکارییەکە دەردەکەوێت کە کەمترین کارتێکەری دەنگی دەستکرد لەبەنامەکەدا هەیە بەشێوەیەك لەبەرنامەی یەکەم تەنها (٦) کارتێکەرو لەبەرنامەی دووەم (٨) کارتێکەرو لەبەرنامەی سێهەم (٧) کارتێکەرو لەبەرنامەی چوارەمیش (٥) کارتێکەری دەستکردی تێدایە، هۆکاری زۆری کارتێکەرە سروشتییەکانیش بۆ ئەوە دەگەڕێتەوە کە لەناو سروشتی کوردستاندا بەرنامەکە تۆمار دەکرێت و ئەمەش جێژی زیاتری بەبینەر داوە.

**خشتەی (٣) ریتمی کارتێکەرە دەنگییەکان**

| ریتمەکان | بەرنامەی یەکەم | | بەرنامەی دووەم | | بەرنامەی سێیەم | | بەرنامەی چوارەم | |
|---|---|---|---|---|---|---|---|---|
| | دووبارە | رێژەی سەدی | دووبارە | رێژەی سەدی | دووبارە | رێژەی سەدی | دووبارە | رێژەی سەدی |
| خاو | ٨ | ٢٠ | ١٠ | ٢٥ | ٩ | ٢٠،٩ | ٦ | ٢٠ |
| مامناوەند | ٢٨ | ٧٠ | ٢٥ | ٦٢،٥ | ٣٠ | ٦٩،٧ | ٢٠ | ٦٦،٦ |
| خێرا | ٤ | ١٠ | ٥ | ١٢،٥ | ٤ | ٩،٤ | ٤ | ١٣،٤ |
| کۆی گشتی | ٤٠ | ١٠٠ | ٤٠ | ١٠٠ | ٤٣ | ١٠٠ | ٣٠ | ١٠٠ |

بەپێی خشتەی (٣) دەردەکەوێت کە ریتمی کارتێکەرە دەنگییەکان جیاوازن لەبەرنامەکە بەشێوەیەك زۆرترین ریتمی کارتێکەرە دەنگییەکان مامناوەندن، کە لەبەرنامەی یەکەمدا لەکۆی (٤٠) ریتمی جیاواز، (٢٨) جارو لەبەرنامەی دووەمیدا لەکۆی (٤٠) ریتم (٢٥) جارو لەبەرنامەی سێهەمدا لەکۆی (٤٣) ریتم (٢٦) جارو لەبەرنامەی چوارەمیشدا لەکۆی (٣٠) ریتم (١٨) کارتێکەریان مامناوەندن، هەروەها بەپێی شیکارییەکە دەردەکەوێت کە کەمترین ریتمی کارتێکەری خێرا لەبەنامەکەدا هەیە، بەشێوەیەك لەبەرنامەی یەکەم تەنها (٤) جارو لەبەرنامەی دووەمدا (٥) جارو لەبەرنامەی سێهەمدا (٤) جارو لەبەرنامەی چوارەمیشدا (٤) کارتێکەری خێرا هەیە کە ئەوەش پێمان دەڵێت کە بەرنامەکە ریتمێکی دەنگی نەخاو نەخێرای پێوە دیارنییە، بەڵکو زیاتر ریتمێکی مامناوەندی هەیە، ئەمەش شێوازی بەرنامەکەی هێمن کردوەتەوەو هانی بینەر دەدات کە بەردەوامیی هەبێت لەگەڵیدا.

**خشتەی (٤) ئاستی بەرهەمهێنانی کارتێکەرە دەنگییەکان**

| ئاستی بەرهەمهێنان | بەرنامەی یەکەم | | بەرنامەی دووەم | | بەرنامەی سێیەم | | بەرنامەی چوارەم | |
|---|---|---|---|---|---|---|---|---|
| | دووبارە | رێژەی سەدی | دووبارە | رێژەی سەدی | دووبارە | رێژەی سەدی | دووبارە | رێژەی سەدی |
| بەردەوام | ١٢ | ٧٥ | ١٤ | ٧٠ | ١٥ | ٦٨،٢ | ١٠ | ٦٢،٥ |
| هەندێکجار | ٤ | ٢٥ | ٦ | ٣٠ | ٦ | ٢٧،٢ | ٥ | ٣١،٢ |
| بە دەگمەن | - | - | - | - | ١ | ٤،٦ | ١ | ٦،٣ |
| کۆی گشتی | ١٦ | ١٠٠ | ٢٠ | ١٠٠ | ٢٢ | ١٠٠ | ١٦ | ١٠٠ |

بەپێی خشتەی ژمارە(٤) ئاستی بەرهەمهێنانی کارتێکەرە دەنگییەکان لەکەناڵە ئاسمانییە کوردییەکاندا بەردەوامیی هەیە بەشێوەیەك لەبەرنامەی یەکەمدا لەکۆی (١٦) بەرهەمهێنانی کارتێکەری دەنگی، (١٢) جارو لەبەرنامەی دووەمدا لەکۆی (٢٠) بەرهەمهێنانی کارتێکەری دەنگی (١٤) جارو لەبەرنامەی سێهەمدا لەکۆی (٢٢) بەرهەمهێنانی کارتێکەری دەنگی (١٥) جارو لەبەرنامەی چوارەمیشدا لەکۆی (١٦) بەرهەمهێنانی کارتێکەری دەنگی (١٠) کارتێکەریان بەردەوامییان هەیە، هەروەها دەردەکەوێت کە کەمترین بەرهەمهێنانی کارتێکەری دەنگی بەدەگمەن بەکارهێنراون، بەردەوامی کارتێکەرە دەنگییەکان بەردەوامیی داوە بە بەرنامەکەو وایکردوە کە لەسەرەتا تا کۆتایی ئاستی بەرهەمێهنانی دەنگی بەردەوامیی هەبێت.

**خشتەی (٥) دووبارەبوونەوەی کارتێکەرە دەنگییەکان**

| دووبارەبوونەوە | بەرنامەی یەکەم | | بەرنامەی دووەم | | بەرنامەی سێیەم | | بەرنامەی چوارەم | |
|---|---|---|---|---|---|---|---|---|
| | دووبارە | رێژەی سەدی | دووبارە | رێژەی سەدی | دووبارە | رێژەی سەدی | دووبارە | رێژەی سەدی |
| ١ بۆ ٥ جار | ١٢ | ٥٧،٢ | ١٠ | ٥٠ | ١٣ | ٥٦،٦ | ٨ | ٥٣،٣ |
| ٦ بۆ ١٠ جار | ٥ | ٢٣،٨ | ٧ | ٣٥ | ٦ | ٢٦ | ٥ | ٣٣،٣ |
| ١١ جارو زیاتر | ٤ | ١٩ | ٣ | ١٥ | ٤ | ١٧،٤ | ٢ | ١٣،٤ |
| کۆی گشتی | ٢١ | ١٠٠ | ٢٠ | ١٠٠ | ٢٣ | ١٠٠ | ١٥ | ١٠٠ |

بەپێی خشتەی (٥) دەردەکەوێت کە کەمترین دووبارەبوونەوەی کارتێکەری دەنگی لەبەرنامەکاندا هەیە، چونکە هەتا ژمارەی جاری دووبارەبوونەوەکان زیاد بکات، ژمارەی کارتێکەرە دەنگییەکان کەم دەکات، بەشێوەیەك لە (١) بۆ (٥) جاردا لەبەرنامەی یەکەمدا (١٢) دووبارە بوونەوە هەیە، بەڵام لە (١١) جارو زیاتردا تەنها (٤) جار دووبارەبوونەوە هەیە، هەروەها لەبەرنامەی دووەمدا لە (١) بۆ (٥) جاردا (١٠) کارتێکەری دەنگی دووبارەبووەتەوە، بەڵام لەهەمان بەرنامەدا لە (١١) و زیاتردا تەنها (٣) جار دووبارەبووەتەوە، لەبەرنامەی سێهەمیشدا لە (١) بۆ (٥) جار (١٣) جار کارتێکەری دەنگی

- **Publisher:** University of Sulaimani, **ISSN (Print):** 1813-0852, **ISSN (Online):** 2617-3034
- **Journal Websitehttps://sjh.univsul.edu.iq/**, **Volume:** [1], **Issue:** [3], **Year:** [2026], **DOI:** [10.17656/jzsb.12573]
- **Submission Date:** [17/6/2026], **Revised Date:** [17/6/2026], **Accepted Date:** [28/6/2026], **Published Date:** [30/9/2026]

دووبارەبووەتەوە، بەڵام لە (١١) جارو زیاتدرا تەنها (٤) جار دووبارەبوونەوە هەیە، لەگەڵ ئەوەشدا لەبەرنامەی چوارەمدا لە (١) بۆ (٥) جار دووبارەبوونەوە بەپێی شکارییەکە دەرکەوتووە کە (٨) جار دووبارەبوونەوە هەیە، بەڵام لە (١١) جارو زیاتردا تەنها (٢) جار دووبارەبوونەوەی کارتێکەری دەنگی هەیە، بۆیە ئامادەکاری بەرنامەکە هەوڵی داوە کەمترین دووبارەبوونەوەی کارتێکەری دەنگی لەبەرنامەکەدا هەبێت بۆئەوەی بێزاری لای وەرگر دروستنەکات.

دەستە ناوەڕۆکییەکان

**خشتەی (٦) فۆڕمی کارتێکەرە دەنگییەکان**

| فۆرمەکان | بەرنامەی یەکەم | | بەرنامەی دووەم | | بەرنامەی سێیەم | | بەرنامەی چوارەم | |
|---|---|---|---|---|---|---|---|---|
| | دووبارە | ڕێژەی سەدی | دووبارە | ڕێژەی سەدی | دووبارە | ڕێژەی سەدی | دووبارە | ڕێژەی سەدی |
| ڕاستەوخۆ | ٢٨ | ٧٠ | ٢٦ | ٦٥ | ٣٠ | ٦٩،٧ | ٢٢ | ٧٣،٣ |
| ناڕاستەوخۆ | ٨ | ٢٠ | ١٠ | ٢٥ | ١٠ | ٢٣،٣ | ٦ | ٢٠ |
| هەردووکیان | ٤ | ١٠ | ٤ | ١٠ | ٣ | ٧ | ٢ | ٦،٧ |
| کۆی گشتی | ٤٠ | ١٠٠ | ٤٠ | ١٠٠ | ٤٣ | ١٠٠ | ٣٠ | ١٠٠ |

بەپێی خشتەی (٦) دەردەکەوێت کە زیاتر لە (٧٠%) ئەو کارتێکەرە دەنگییانەی کە لەبەرنامەکاندا هەن لەفۆڕمی ڕاستەوخۆن، بەشێوەیەك لەبەرنامەی یەکەمدا (٧٠%) یەو لەبەرنامەی دووەمدا (٦٥%) ەو لە بەرنامەی سێیەمدا (٦٩،٧%) ەو لەبەرنامەی چوارەمیشدا (٧٣،٣%) یە، هەروەها کەمترین کارتێکەری دەنگی تێکەڵ (mix) لەبەرنامەکاندا هەیە کە بەراوورد بەکارتێکەرە دەنگییە ڕاستەوخۆکان زۆر کەمن و لەنێوان بەرنامەکانیشدا لێکچوونی زۆر هەیە لەفۆڕمی کارێکەرەکاندا، چونکە بەرنامەکان لەسەر یەك شێوازو فۆڕم بەرهەم دەهێندرێت، هەرچەندە فۆڕمی ڕاستەوخۆی کارتێکەرە دەنگییەکان کاریگەری زیاتری لەسەر بینەر هەیە بۆ مانەوە لەسەر بەرنامەکە، هاوکات سروشتی بەرنامەکەش وایکردوە کە زیاتر کارتێکەرەکان.

**خشتەی (٧) تایبەتمەندییەکانی کارتێکەرە دەنگییەك**

| تایبەتمەندییەکان | بەرنامەی یەکەم | | بەرنامەی دووەم | | بەرنامەی سێیەم | | بەرنامەی چوارەم | |
|---|---|---|---|---|---|---|---|---|
| | دووبارە | ڕێژەی سەدی | دووبارە | ڕێژەی سەدی | دووبارە | ڕێژەی سەدی | دووبارە | ڕێژەی سەدی |
| هێمن | ٢٥ | ٦٢،٥ | ٢٨ | ٧٠ | ٣٢ | ٧٤،٤ | ٢٤ | ٨٠ |
| وروژێنەر | ١٢ | ٣٠ | ١٠ | ٢٥ | ٩ | ٢١ | ٥ | ١٦،٦ |
| بێزارکەر | - | - | - | - | - | - | - | - |
| توندوتیژ | - | - | - | - | - | - | - | - |
| سۆزداری | ٣ | ٧،٥ | ٢ | ٥ | ٢ | ٤،٦ | ١ | ٣،٤ |
| کۆی گشتی | ٤٠ | ١٠٠ | ٤٠ | ١٠٠ | ٤٣ | ١٠٠ | ٣٠ | ١٠٠ |

بەپێی خشتەی (٧)دەردەکەوێت کە کارتێکەرە دەنگییەکانی بەکارهاتوو لەبەرنامەکاندا زۆرینەیان کارتێکەری دەنگیی هێمن و لەسەرخۆن ئەمەش هێمنی و بەردەوامیی داوە بە بەرنامەکان بەشێوەیەك لەبەرنامەیە یەکەمدا کارتێکەری دەنگی هێمن دەگاتە (٦٢،٥%) ی کۆی کارتێکەرە دەنگییەکان لەبەرنامەی دووەمدا دەگاتە (٧٠%) و لەبەرنامەی سێیەمیشدا دەگاتە (٧٤،٤%) لەبەرنامەی چوارەمیشدا دەگاتە (٨٠%)، بەڵام ئەوەی جێی سەرنجە بەپێی شیکارییەکە هیچ کارتێکەرێکی دەنگی ووروژێنەرو بێزارکەر لەبەرنامەکەدا نییە، ئەمەش دانانی کارتێکەرە دەنگییەکان لەشوێنی گونجاوی خۆیان دەردەخات، بۆیە دەتوانین بڵێین هیچ کارتێکەرێکی دەنگی نەبووەتە هۆی بێزارکردنی بینەر، ئەمەش خاڵی بەهێزی بەکارهێنانی کارتێکەری دەنگییە بۆ بەرهەمهێنان.

**خشتەی (٨) ئامانجی کارتێکەرە دەنگییەکان**

| ئامانجەکان | بەرنامەی یەکەم | | بەرنامەی دووەم | | بەرنامەی سێیەم | | بەرنامەی چوارەم | |
|---|---|---|---|---|---|---|---|---|
| | دووبارە | ڕێژەی سەدی | دووبارە | ڕێژەی سەدی | دووبارە | ڕێژەی سەدی | دووبارە | ڕێژەی سەدی |
| بەردەوامیی | ١٥ | ٣٧،٥ | ١٨ | ٤٥ | ٢٠ | ٤٦،٥ | ١٤ | ٤٦،٦ |
| ئاگادارکردنەوە | ٢ | ٥ | ٣ | ٧،٥ | ٢ | ٤،٥ | ١ | ٣،٤ |
| ئارام کردنەوە | ٢٠ | ٥٠ | ١٦ | ٤٠ | ١٨ | ٤٢ | ١٣ | ٤٣،٤ |
| ڕاچڵەکین | ٣ | ٧،٥ | ٣ | ٧،٥ | ٣ | ٧ | ٢ | ٦،٦ |
| کۆی گشتی | ٤٠ | ١٠٠ | ٤٠ | ١٠٠ | ٤٣ | ١٠٠ | ٣٠ | ١٠٠ |

بەپێی خشتەی (٨) دەردەکەوێت ئەو کارتێکەرە دەنگییانەی لەم بەنامەیەدا بەکارهاتوون ئامانجیان بەردەوامیی و ئارامکردنەوەی باروودۆخی وەرگرە، چونکە دەرکەوتووە کارتێکەرە دەنگییەکان زیاتر بەو دوو ئامانجە لەبەرنامەکەدا جێگیرکراون بەشێوەیەك لەکۆی (١٥٣) کارتێکەری دەنگی کە لەو چوار بەرنامەیەدا بەکارهاتوون (٦٧) کارتێکەریان ئامانجی بەردەوامیی بینەر بووە لەسەر بەرنامەکەو (٦٧) کارتێکەری دیکەش ئامانجیان ئارامکردنەوەی وەرگربووە، هاوکات کەمترین کارتێکەری دەنگی بەمەبەستی ئاگادار کردنەوەو ڕاچڵەکین بەکارهاتوون، بەشێوەیەك لەهەر چوار بەرنامەکەدا تەنها ٨ کارتێکەری دەنگی وەك ئاگادارکردنەوەو ٩ کارتێکەریش وەك ڕاچڵەکین بەکارهاتووە، بەمەش ڕووندەبێتەوە کە بەکارهێنانی کارتێکەرە دەنگییەکان گەیشتوونەتە ئامانجی خۆیان.

**خشتەی ژمارە (٩)**
**رادەی ڕەنگدانەوەی کارتێکەرە دەنگییەکان لەبەرهەمهێنانی کەناڵە ئاسمانییە کوردییەکاندا**

| رادەی ڕەنگدانەوە | بەرنامەی یەکەم | | بەرنامەی دووەم | | بەرنامەی سێیەم | | بەرنامەی چوارەم | |
|---|---|---|---|---|---|---|---|---|
| | دووبارە | ڕێژەی سەدی | دووبارە | ڕێژەی سەدی | دووبارە | ڕێژەی سەدی | دووبارە | ڕێژەی سەدی |
| بەرز | ٣٢ | ٨٠ | ٣٠ | ٧٥ | ٣٤ | ٧٩ | ٢٥ | ٨٣،٣ |
| مامناوەند | ٦ | ١٥ | ٨ | ٢٠ | ٧ | ١٦،٣ | ٤ | ١٣،٣ |
| نزم | ٢ | ٥ | ٢ | ٥ | ٢ | ٤،٧ | ١ | ٣،٤ |
| کۆی گشتی | ٤٠ | ١٠٠ | ٤٠ | ١٠٠ | ٤٣ | ١٠٠ | ٣٠ | ١٠٠ |

بەپێی خشتەی (٩) دەردەکەوێت کە کارتێکەرە دەنگییەکان ڕەنگدانەوەی بەرزیان هەیە بەشێوەیەك لەبەرنامەی یەکەمدا لەکۆی (٤٠) کارتێکەری دەنگی (٣٢) کارتێکەریان ڕەنگدانەوەی هەبووە، لەبەرنامەی دووەمیشدا لەکۆی (٤٠) کارتێکەری دەنگی (٣٠) کارتێکەریان ڕەنگدانەوەی هەبووە، هەروەها لەبەرنامەی سێهەمیشدا لەکۆی (٤٣) کارتێکەری دەنگی کەلەبەرنامەکەدا هەن (٣٤) کارتێکەری دەنگی ڕەنگدانەوەی بەرزی هەبووە، لەبەرنامەی چوارەمیش لەکۆی (٣٠) کارتێکەری دەنگی (٢٥) کارتێکەرییان ڕەنگدانەوەی بەرزییان هەبووە، لەمەشەوە بۆمان دەردەکەوێت کە کارێکەرە دەنگییەکان لەبەرنامەکاندا ڕەنگدانەوەی زۆریان هەبووە.

**خشتەی (١٠) سروشتی کارتێکەرە دەنگییەکان**

| سروشتی کارتێکەرە دەنگییەکان | بەرنامەی یەکەم | | بەرنامەی دووەم | | بەرنامەی سێیەم | | بەرنامەی چوارەم | |
|---|---|---|---|---|---|---|---|---|
| | دووبارە | ڕێژەی سەدی | دووبارە | ڕێژەی سەدی | دووبارە | ڕێژەی سەدی | دووبارە | ڕێژەی سەدی |
| ئەرێنی | ٣٨ | ٩٥ | ٣٦ | ٩٠ | ٤١ | ٩٥،٣ | ٢٩ | ٩٦،٦ |
| نەرێنی | - | - | - | - | - | - | - | - |
| بێلایەن | ٢ | ٥ | ٤ | ١٠ | ٢ | ٤،٧ | ١ | ٣،٤ |
| کۆی گشتی | ٤٠ | ١٠٠ | ٤٠ | ١٠٠ | ٤٣ | ١٠٠ | ٣٠ | ١٠٠ |

بەپێی خشتەی (١٠) دەردەکەوێت کە سروشتی کارتێکەرە دەنگییەکان بەشی هەرە زۆری ئەرێنین و هیچ کارتێکەرێکی نەرێنیی تێدا نییە، هەروەها تەنها ڕێژەیەکی زۆر کەم کارتێکەری بێلایەنی تێدایە، بەشێوەیەك کەلەبەرنامەی یەکەمدا ڕێژەکەی دەگاتە (٥%) و لەبەرنامەی دووەمدا دەگاتە ١٠% و لەبەرنامەی سێهەمدا دەگاتە ٤،٧% و لە بەرنامەی چوارەمدا دەگاتە (٣،٤%)، بەڵام بوونی کارتێکەری دەنگی ئەرێنی لەبەرنامەی یەکەمدا دەگاتە ڕێژەی (٩٥%) و لەبەرنامەی دووەمدا دەگاتە ڕێژەی (٩٠%) و لەبەرنامەی سێهەمدا دەگاتە (٩٥،٣%) و لەبەرنامەی چوارەمدا دەگاتە (٩٦،٦%)، هەروەها بەپێی شیکارییەکە کارتێکەری دەنگی نەرێنی لەناوی بەرنامەکاندا بوونی نییە، بۆیە توێژەران وایدەبینن کە نەبوونی دەنگی نەرێنی لەبەرنامەکەدا بەمانای سەرکەوتووی لەبەرهەمهێنان و وردی لەکار و گەیشتن بەئامانجێکی دیاریکراو دێت.

## ٤. دەرئەنجامەکان و راسپاردەکان و پێشنیارەکان

### ٤،١ دەرئەنجامەکان

١. تەکنەلۆژیای نوێی میدیا ڕۆڵی سەرەکی دەگێڕن لەبەرهەمێهنانی کارتێکەرە دەنگییەکانی بەرنامەی تامەکانی کوردستان کە لەکەناڵی ئاسمانی کوردسات پەخش دەکرێت.
٢. کارتێکەرە دەنگییەکان ڕۆڵی گرنگیان هەیە لەبەرهەمهێنانی کەناڵە ئاسمانییە کوردییەکان، بەتایبەت بەرنامەی تامەکانی کوردستان کە لەکەناڵی ئاسمانی کوردسات پەخش دەکرێت.
٣. هەتا زیاتر پشت بەتەکنەلۆژیای نوێی میدیایی ببەسترێت، کوالیتی کارتێکەری دەنگییەکان بەرزتر دەبن و کاریگەری زیاتریان دەبێت .
٤. سروشتی کارتێکەرە دەنگییەکان بەشێکی زۆریان ئەرێنین، ئەمەش بووەتە سەرکەوتووی لەبەرهەمهێنان و وردی لەکارو گەیشتن بەئامانجێکی دیاریکراو.
٥. کارتێکەرە دەنگییەکانی ناو بەرنامەکە ڕۆڵیان هەیە لە بەردەوامیی و ئارامکردنەوەی بارودۆخی وەرگر.

### ٤،٢ راسپاردەکان

١. توێژەر کەناڵە ئاسمانییە کوردییەکان رادەسپێدرێت کە گرنگی زیاتر بەتەکنەلۆژیای نوێی میدیایی بدەن، ئەمەش دەبێتە هۆی زیاتر پێشکەوتنی میدیاکان و بەرجەستەکردنی زیاتری دەنگ و ڕەنگ لەکەناڵە ئاسمانییەکان.
٢. توێژەر دامەزراوە میدیاییەکان رادەسپێدرێت، گرنگی زیاتر لە ڕۆڵی کارتێکەری دەنگی لەناو بەرنامەکاندا بدەن، کە دواجار دەبێتە هۆی پڕبینەری و بەردەوامیی بەنامەکە.
٣. توێژەر میدیاکاران رادەسپێرێت، شارەزایی زیاتر پەیدابکەن لەبەکارهێنانی تەکنەلۆجیایی نوێی میدیایی و بەکارهێنانی کارتێکەری دەنگی لەکاتی پێویست، لەپێناو سەرنج ڕاکێشی و جوانکاری و بەردەوامی بە بەرنامەکان.

### ٤،٣ پێشنیارەکان

١. پێشنیار بۆ توێژەرانی دوای خۆم دەکەم کە زیاتر کاربکەن لەسەر ڕۆڵی تەکنەلۆژیای نوێی میدیا لەبەرهەمهێنانی کارتێکەر دەنگی لەبەرنامە منداڵانەکان و دیکۆمێنتارەکان و فلیمە سینەماییەکاندا.
٢. پێشنیار بۆ خوێندکارانی زانکۆ دەکەم زیاتر تەکنەلۆژیای نوێی میدیا بەکاربهێنن و کاری لەسەر بکەن، لەپێناو ئەوەی لەگەڵ شۆڕشی تەکنەلۆژیا هەنگاو بنێن.

- **Publisher:** University of Sulaimani, **ISSN (Print):** 1813-0852, **ISSN (Online):** 2617-3034
- **Journal Websitehttps:**//sjh.univsul.edu.iq/, **Volume:** [1], **Issue:** [3], **Year:** [2026], **DOI:** [10.17656/jzsb.12573]
- **Submission Date:** [17/6/2026], **Revised Date:** [17/6/2026], **Accepted Date:** [28/6/2026], **Published Date:** [30/9/2026]

### ٥. سەرچاوەكان
### سەرچاوە عەرەبییەكان


1. البیدی، محمد فوزی، (٢٠٠٤)، هندسة الإذاعة والتلفزيون، طبع الأول، دار الفجر للنشر والتوزيع- القاهرة.
2. جاف، برين: (٢٠١٢)، جماليات الفنون الرقمية، الاردن، دار دجلة عشرون وموزعون.
3. جيرالد، ميليرسون، (١٩٩٠)، تقنيات الإنتاج التلفزيوني، مركز التدريب (الإذاعي والتلفزيوني)، دمشق، سوريا، اتحاد إذاعات الدول العربية.
4. حسن سعيد نورالدين، (٢٠٢١)، بطاقة قراءة حول مفهوم تكنولوجيا الاعلام والاتصال، جامعة محمد خضر يسكرة، كلية الحقوق والعلوم السياسة والعلاقات الدولية.
5. حميد، حكيم عثمان، (٢٠١١)، دور تكنولوجيا الاتصال الحديثة في تطوير العمل الإعلامي في كوردستان: دراسة ميدانية علي القائم بالاتصال في المؤسسات الإعلامية في إقليم كوردستان العراق، اطروحة دكتوراه، غير منشور، جامعه السليمانية، فاكلتي اللغات والعلوم الإنسانية، قسم الاعلام.
6. خالد منصر، (٢٠١٦)، تكنلوجيا الاعلام والاتصال الحديثة واغتراب الشباب، دار الكتاب الجامعي، دولة الامارات- الجمهورية اللبنانية.
7. عبد الحميد، محمد، (٢٠٠٥)، تكنلوجيا الصوت في الإذاعة والتلفزيون. قاهرة: دار الفكر العربي
8. علي، محمود علي، (٢٠٠٥)، تكنلوجيا المعلومات الاتصال، عمان، دار يا زووي العلمة.
9. فوزى مروان (٢٠١٠)، الهندسة الصوتية وتكنولوجيا الصوت، دار الكتب الجامعية، الطبعة الثانية.
10. ماهر إسماعيل صبري، (٢٠٠٢)، الموسوعة العربية التكنلوجيا للتعليم، رياض، مكتبة الرشد.
11. محمد مجدي نصرالدين، (٢٠١٥)، التلوث الضوضائي: اشارة وسبل مكافحة منشورات جامعة الإسكندرية.
12. محمد كامل، ر. م. ح. ا.، ٢٠٢٢. تاثير المؤثرات الصوتية فى برامج الراديو على إدراك وتذكر المحتوى المقدم ـ دراسة شبه تجريبية .*مجلة البحوث الإعلامية*، القاهرة: جامعة الأزهر، كلية الإعلام.
13. محمود حسن إسماعيل، (٢٠١١)، الإنتاج الإذاعي والتلفزيوني في عصر القديم، القاهرة: دار الفكر العربي.
14. منصور هارون، (٢٠١٨) ، استخدام تكنلوجيا الاتصال الحديثة فى انتاج الزراعي، دراسة الميدانية على لمينة من الصحفين، جامعة العربي التبسي- تبسة.
15. المنطاوي، دعاء احمد محمد، (٢٠٢٢)، إستراتيجية التعبير عن المضمون في الإعلان المرئى بين الصوت والصورة، مجلهة العمارة والفنون والعلوم الإنسانية، مجلد ٧، العدد٦.
16. ميشيل شيون، (٢٠٠٥)، الاوديو-مرئي: الصوت والشاشة: ترجمة جرجس، قاهرة: المجلس الأعلى للثقافة.
17. الهادى، محمد محمد، (٢٠٠٢)، تكنلوجيا المعلومات وتطبيقاتها، القاهرة، دار الشروق.
18. الهادى، محمد محمد، (٢٠٠٥)، مقدمة في الحساب ومعالجة، رياض، المملكة العربية السعودية.
19. هوبر، ديفيد مايلز، (٢٠١٠)، تقنيات التسجيل الصوتى, طبع الأول، عمان.


### سەرچاوە ئینگلیزییەكان


20Monovich, Lev,(2020). Cultural Analytics, MIT press

21.Moffat, D., Selfridge, R. and Reiss, J. D., 2019. Sound Effect Synthesis. Arts, 8(2), p. 57. London: Queen Mary University of London

22.Schafer, R.M. (1977) The soundscape: Our sonic environment and the tuning of the world


### سەرچاوەی فارسی:


٢٣. فريدونی، م.، صفورا، م. ع. و شيخ مهدی، ع.، ١٤٠٣ (٢٠٢٤). جلوه‌های دراماتیک صدا در دو فیلم مستند صنعتی از ساخته‌های کامران شیردل، بر اساس نظریه دریافت . *نشریه مطالعات سینمایی*، تهران: دانشگاه تربیت مدرس.

٢٤.نسرين محمد حقيقي، محمد قلنووري، عباس غفاري (١٣٩٦هـ)، ارزيامي مؤلفه هاى مؤثر درنقش انگليزى وڕسايش صوتى افراد- ميدان نقش جهان اصفهان نامه معمارى, شهرسازى.

# The role of new media technology in producing sound effects for Kurdish satellite channels


## Abstract

This study aims to present the most prominent modern media technologies that contribute to the production of sound effects for Kurdish television channels in general, and the "Tam Akani Kurdistan" program on KurdSat channel in particular. It is a descriptive study that employed a survey methodology using quantitative content analysis of a sample of four "Tam Akani Kurdistan" programs on KurdSat channel, arranged in a synthetic month format. To answer the research questions, content analysis of the units and categories was conducted.

This study reached several conclusions, the most important of which are: (Modern media technology significantly impacts the improvement of sound effects quality; natural sound effects are used in most programs; the level of sound effects production on Kurdish channels in general, and KurdSat in particular, is high; the suitability of sound effects in Kurdish channel production is very easy; and in addition, sound effects in most Kurdish channel programs are recorded outside the studio, which adds dynamism to the programs) ; I also encourage future researchers to do more research on the role of sound effects in programs, films and advertisements.


**Keywords:** Role, new media technology, sound effects, production, Kurdish satellite channels.

# دور التكنولوجيا الإعلامية الحديثة في إنتاج المؤثرات الصوتية في القنوات الفضائية الكوردية/برنامج تامەكانی كورستان فى قناة كوردسات انموذجا


## الملخص

تهدف هذه الدراسة إلى عرض أبرز التكنولوجيا الإعلامية الحديثة التي تُساهم في إنتاج المؤثرات الصوتية للقنوات التلفزيونية الكوردية عمومًا، وبرنامج "تامەكانی کوردستان" على قناة كوردسات خصوصًا. وهي دراسة وصفية استخدمت فيها المنهج المسحي بطريقة التحليل المضمون بالأسلوب الكمي لعينة من برامج "تامەكانی کوردستان" على قناة كوردسات، عددها أربعة برامج بشكل الشهر الاصطناعي. وللإجابة على أسئلة البحث، أُجري تحليل مضمون للوحدات والفئات.

وقد توصلت هذه الدراسة إلى عدد من الاستنتاجات، أهمها: (التكنولوجيا الإعلامية الحديثة تتأثر بشكل كبير على تحسين جودة المؤثرات الصوتية، وثم تُستخدم مؤثرات صوتية طبيعية في معظم البرامج، كما مستوى إنتاج المؤثرات الصوتية في القنوات الكوردية عمومًا وكوردسات خصوصًا مرتفع، و أن درجة ملاءمة المؤثرات الصوتية في إنتاج القنوات الكوردية سهلة للغاية، بالإضافة إلى ذلك، يتم تسجيل المؤثرات الصوتية في معظم برامج القنوات الكوردية خارج الاستوديو، مما يُضفي حيوية في البرامج)، كما أشجع الباحثين المستقبليين على إجراء المزيد من الأبحاث حول دور المؤثرات الصوتية في البرامج والأفلام والإعلانات.


**الكلمات المفتاحية:** دور، التكنولوجيا الإعلامية الحديثة، الإنتاج، المؤثرات الصوتية، القنوات الفضائية الكوردية.


- **Publisher:** University of Sulaimani, **ISSN (Print):** 1813-0852, **ISSN (Online):** 2617-3034
- **Journal Websitehttps**[://sjh.univsul.edu.iq/](://sjh.univsul.edu.iq/), **Volume:** [1], **Issue:** [3], **Year:** [2026], **DOI:** [10.17656/jzsb.12573]
- **Submission Date:** [17/6/2026], **Revised Date:** [17/6/2026], **Accepted Date:** [28/6/2026], **Published Date:** [30/9/2026]